# دەروازەی عیشقی مەولانا

((گوڵوەچنی  شیعر و حیکمەتەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی))

لێکۆڵینەوە و کوردادنی
پشکۆ نەجمەدین

٢٠١٦

دەروازەی عیشقی مەولانا

# دەروازەی عیشقی مەولانا

## ١

بێ تێگەیشتن لە دنیای سۆفیزم و قۆناغەکانی گەشەکردن و فراژیبوونی مێژووی ئەم ڕێبازە ئایینییە، چ لە ئیسلامدا و چ لەودیوی مەرزەکانی ئیسلامەوە، بێ قووڵبوونەوە لە چەمک و ئاماژە و سیمبۆلەکانی ئەم تەریقەتی خواپەرستییە، ناتوانین کەناری ئەم زەریایە جێ بهێڵین و لە قووڵاییدا، جامێک هەڵگۆزین و لە نۆشینی چۆڕێکیدا، لەززەتێک لە دنیای ڕووحیی مەولانا و جوانییەکانی عیشقی خودایی ئەو و سەرجەمی سۆفییەکانی دیکە بچێژین!

لە ڕێبازی سۆفیزمدا، ڕەنگە زوهد، خەسڵەتێکی بنەڕەتیی خوداپەرستی بێت، کە لە شێوە و شێوازەکانی دیکەی خواپەرستیی جودا بکاتەوە. زوهد، بە مانای خەلوەتکێشان، تەریککەوتن و دابڕان، چلەکێشان و خۆبرسیکردن، جێهێشتنی تەواوی خۆشی و لەززەتە دنیاییەکان و دەستبەرداربوونیان، مەستبوون لە زیکری خوادا، لە پێناوی گەیشتن بە نووری هەق و ئاوێتەبوون و توانەوە لە زاتی خوادا. زوهد، لای هەندەک لە سۆفییان، پشتگوێخستنی ئەقڵ و فەلسەفەیە و کارکردنە لە قووڵاییی دڵ و ئیحساسدا، لەم بوارەشدا، پێچەوانەی بەشێک لە سۆفییە ناودارەکان کە بۆ تێگەیشتن لە وجوود و کەون، لە زەریای فەلسەفەدا، نغرۆ بوونە و لە کۆتاییدا بە لووتکەی ئەودیوی ئایینەکان گەیشتوون، مەولانای ڕۆمی هەمیشە لە ناخی دڵدا و لەبەر ڕۆشناییی تیشکی دڵ و نوورێک کە بەرەواژبوونەوەی عیشقی خودایە لە دڵدا، زوهد و تەقوای خواپەرستیی ئەنجام داوە! مەولانا، پێچەوانەی باوکی، بووەتە سوڵتانی دڵان و ڕێبەری عیشقی خودایی، نەک سوڵتانی زانست و زانایان!

سۆفیزم لە ئیسلامدا، ئەگەر ڕیشە و لێکهەڵپێچانێکیشی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەبێت(کە هەیەتی!)، لە دەورانی سەرەتای بنجاکوتانی بزووتنەوەی ئیسلام و جێکەوتنی دەستەڵاتی ئایین و دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامیدا، دەرکەوتووە.

ئاخر، زوڵم و ستەمێک کە دەستەڵاتی ئایین، لە نیمچەدوڕگەی عەرەبیدا، دژ بە خێڵ و گرووپە نائیسلامییەکان و ئەوانەی شوێنکەوتووی ئایینێکی دیکە بوون، جیبەجێی کرد





و کوشتوکوشتار و گەلەکوژییەک کە لە پرۆسەی فتوحات و داگیرکاریی میللەتانی ناعەرەبدا، بە دەستی سەرکردە ئیسلامییەکان ڕوویان دا، لایەنە ڕووحییەکەی ئیسلامیان لێڵ کرد و ئیدی موسڵمانانی ڕاستەقینە و خوداویست، بەو ڕاستینەیە گەیشتن کە دەستەڵاتی ئیسلام، جگە لە بەرژەوەندیی حوکمڕانان و خەلیفە و بنەماڵەکانیان، شتێکی دیکە لەبەر چاو ناگرێت.

بزووتنەوەی سۆفیزم، هەوڵی زیندووکردنەوەی لایەنە ڕووحییەکەی ئیسلام و گرتنەبەری ڕێبازێکە لە تەقوا و زوهد و خواپەرستی کە توێژاڵێک بەرژەوەندیی مادی و خۆشییەکانی ژیانی لەخۆی نەگرتبێت و هیچ پاداشت و چاکەیەکی ئەو دنیاش، جگە لە سووتان لە عیشقی خوادا و هەوڵدان بۆ فەنابوون لە ئەوینی خالقدا، نەناسێت.

سۆفیزم، پرۆسەیەکی خواناسییە بۆ ناسین و تێگەیشتنی گەورەیی، میهرەبانی و دڵئاوەڵاییی خودای خالیق و سڕینەوەی خەسڵەتەکانی ترس و تۆقاندن لە دڵی مەخلوقی ئیمانداردا. واتە، ئەمە ڕێبازێکە بۆ جێگۆڕکێی ماناکانی(ترس لە خودا و غەزەبی خودا) بە ( عاشقبوونی جوانییەکان و دلۆڤانییەکانی خودا) و سڕینەوەی مەوداکانی نێوان خالق و مەخلوق و توانەوەیان لە ڕووحی یەکتردا!

لەم پرۆسە ڕووحییە سەخت و پشوودرێژەدا، سۆفی لە خەڵوەتکێشانێکی پڕ لە ئارامی و تەنیاییدا، لە جیلوەی تیشکی خودا نەبێت، ئیدی لە هەموو شتەکانی دەرەوەی ئەم زیکر و لە خوداڕامانە، دادەبڕێت و بەردەوامیی ئەم زوهدەش، بە مەستیی دەگەێنیت و پلە پلە، پێگەی ئەو، لە پرۆسەی توانەوە لە عیشقی "پادشا"ی خۆیدا، باڵا دەکات.

سۆفییەکان، نە ڕیا دەناسن و نە ڕیاکاری. ئەوان نە لە پێناوی دەستکەوتە دنیاییەکاندا، بادەی خۆشەویستیی خودا دەنۆشن و کونجی مەیخانەی خەڵوەت دەگرن، نە بە هیوای بەهەشت و پاداشتەکانی قیامەت! ئاخر، دنیا لای ئەوان، مەحوی گوتەنی (لە کایەی منداڵ و زەرفی بەتاڵ) دەچێ و مەرگیش بە بڕوای مەولانا، (هیچ گریان و نیگەرانییەکی گەرەک نییە و دەبێ یارانی من، بۆ مەرگی من، خەندەبار بن!) ئاخر مەرگ، (سەفەری ویساڵ و گەیشتنە بە خودا.) تۆ کە بە خودا بگەیت و لە ڕووحی ئەودا بتوێیتەوە و ببن بە یەک، ئیدی پاداشتەکان، هیچ مانایەکیان نابێت!

# ٢

مێژووی سەرهەڵدانی سۆفیزمی ئیسلامی و خەسڵەت و پێکهاتە و ڕەگەزەکانی، لە کن سۆفیزمناسانی ئیسلامی و ئایینناسانی ئەوروپاییش، جێگای کۆڵینەوە و وردبوونەوەن، ڕا و بۆچوونی جیاواز و فرەدیدیان لەمەڕ هەن.
بەشێکی لێکۆڵینەوەکانی زانایانی نائیسلام و ئیسلامییەکانیش، بۆ ساخکردنەوە و بەلاداخستنی کێشەی سەرچاوەکانی سۆفیزمی ئیسلامییە، کە داخۆ ڕەگەز و خەسڵەت و سونەتەکانی، دەرهاویشتەی نێوئاخنی ئایینی ئیسلامن و لە کتێبی پیرۆز و سونەتەکانی پەیامهێنی ئیسلامەوە، سەرچاوەیان گرتووە، یاخود قەرزارباری کارکردی فیکر و فەلسەفەی (یونانی و نیوپلاتۆنیزم، فیکری بوودا و بوودیزم، سۆفیزمی ئێرانی و زەردەشتیزم، کریستیانیزم و ڕەهبانییەتەکەی و گنۆسیزم)ن.
ڕیچارد هارتمان و ماکس هۆرتن، لە پرۆسەی توێژینەوەی سۆفیزمی ئیسلامیدا، بۆچوونەکانیان بەو شوێنە دەگات کە سۆفیزمی ئیسلامی، ڕەگەزە بنچینەییەکانی خۆی، لە فیکری هیندۆیزمەوە وەرگرتووە. هۆرتمان، لە دوو لێکۆڵینەوەی جیادا، کە لە ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٢٨دا، لەمەڕ حەلاج، بایەزیدی بەستامی و جونەید نووسیونی، پێی وایە کە سۆفیزمی ئیسلامی، لە سەدەی سێی کۆچیدا، لێوانلێوە لە فیکری هیندۆییزم و کاریگەرییەکەشی، زیاتر لای حەلاج، جێ کەوتووە! هۆرتن، بەڵگە و پاساوەکانی لە چەند بۆچوونێکدا چڕ دەکاتەوە و دەبێژێ:
زۆرینەی سۆفییە گەورەکانی سەرەتای سۆفیزم، بنەچەیان ناعەرەبە. ئەو، "ئیبراهیم بن ئەدهەم، بەڵخی، بایەزیدی بەستامی و یەحیای بن معاذی ئەلڕازی" وەک نموونە ناو دەبات! ئەو پێی وایە کە: (سۆفیزم لە دەستپێکدا، لە خۆراسان، دەرکەوتووە و بڵاو بووتەوە. موسڵمانەکان بۆ خۆشیان، ددان بە بوونی کاریگەریی هیندۆییزم لە سۆفیزمەکەیاندا دەنێن. زوهدی ئیسلامیی سەرەتا، شێواز و گیانێکی هیندیی تێدایە و "ڕەزا، الرضا"ش، لە بنچینەدا، بیرۆکەیەکی هیندییە!)
توێژەران و لێکۆڵەرانی خۆراوایی، هێندەی لەسەر خودی فەلسەفەی سۆفیزمی ئیسلامی، تێرمەکانی سۆفیزم و گەورەسۆفییەکان کاریان کردووە، کەمتر جەختیان لەسەر سەرچاوە و بنچینەکانی ئەم ڕێبازە ئاینییە کردووە.



دەروازەی عیشقی مەولانا

"ماسنیۆن"ی زانای فەرنسایی، ڕەنگە دیارترین لێکۆڵەری فەرنسی بێت لە بواری لێکۆڵینەوەی سۆفیزمی ئیسلامی و وردینەی کێشە و ئیشکالاتەکانی. ئەو، لە بەشی سەرەکیی کارەکانیدا، کەسییەتیی "حوسەینی کوڕی مەنسووری حەلاج"ی کردووەتە تەوەری باس و توێژینەوە.
ماسنیۆن، پێچەوانەی بەشێک لە زانایان، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە سێ سەدەی سەرەتای سۆفیزمی ئیسلامی و ئەو بارودۆخەی کە دەرهاوێشتەی حەلاج و تەریقەتەکەی بووە و ئەوەی کە حەلاج، لەنێوانی دوو سەردەمی تەسەوفدا دەرکەوتووە، فیکر و مەزهەبەکەی گەڵاڵە بووە و مۆرکی خۆی بە سەردەمی سۆفیزمی پاش خۆیەوە ناوە، بەو دەرئەنجامە دەگات کە سۆفیزمی ئیسلامی، وێڕای کارکردەکانی فەلسەفە و ئیدیای دەرەوەی خۆی، دیسانیش سەرچاوەکەی ئیسلامە و لەسەر پێگە و دنگەی ئایین و زانستە ئیسلامییەکان، وەستاوە!
ئەو پێی وایە، سەرچاوەی تێرمەکانی سۆفیزم، چوارن و...
یەکەم: قورئانە و ئەمیش گرنگترینە.
دووەم: زانستە عەرببیە ئیسلامییەکان(حەدیس، فیقهە، نەحو و هتد...)
سێیەم: تێرمەکانی ئاخێوەرانی سەرەتا.
چوارەم: زمانی زانستێک کە لە ڕۆژهەڵاتدا و لە شەش سەدەکەی سەرەتای کریستیانیزم، لە زمانەکانی یونانی و فارسی پێک هات و بوو بە زمانی زانست و فەلسەفە.
ڕینۆڵد ئالان نیکۆلسۆن پێی وایە: (لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا، سۆفیزم بە شێوازێکی تەواو جیاواز لە سەرەتاکانی خۆی، دەرکەوت. شێوازی "زوهد" لەو سەردەمەدا، هەرگیز ناکرێت وەکو گەشەکردنی ڕەگەز و فاکتەرە ڕووحییەکانی ناخی ئیسلامی ببینین! ئەگەر بە وردی لەو دۆخە مێژووییە ڕامێنین کە زەوینەی خولقاندنی بزووتنەوەی سۆفیزم بوو، دیسانیش ناکرێت بۆ کارکردەکانی فاکتەرە هیندی و فارسییەکانی ببەینەوە. دەشێت ئێمە، وای ببینین کە خولقاوی یەکگرتنی فیکری یۆنانی و ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکانە. ئەگەر وردتر بدوێین بکەین، سۆفیزم، پەیدابووی جۆرێک لە یەکگرتنی فەلسەفەی نیوپلاتۆنیزم، ئایینی کریستیان و مەزهەبی گنۆسیزمە.)

# ٣

لە مێژووی سۆفیزمدا، وێناکردنی کەسییەتی خودا و خەسڵەتەکانی، لە کن سۆفییان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا، هەموویان، یەک دید و یەک وێنایان بۆ کەسییەتی خودا نەبووە.
ئەگەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی سۆفیزمی ئیسلامیدا، ترس لە جەبەرووت و غەزەبی خودا، هۆکاری بنەڕەتیی زوهد بووبێت و سۆفییەکان، بۆ وەدەستخستنی میهرەبانی و بەخشندەییی خودا و ئاسوودەبوونیان لە قیامەت و نەچوونیان بۆ دۆزەخێک بووبێت کە خودا بۆ گوناهکارانی ساز کردووە، ئەوا لە سەردەمەکانی پاشتردا، خەسڵەت و مانا و ئامانجەکانی خەڵوەتکێشان و خواپەرستی، گۆڕدراون و نێوەڕۆک و مەبەستی دیکەیان پەیدا کردووە.
لە دیدی "ڕابیعەی عەدەوی" و "مەعروفی کەرخی"یەوە، وێناکردنی خودا، لە خەسڵەتەکانی "جەبەرووت"، "قەهر"، "ئەمر و نەهی" و ستەمکاری، دابڕێنراوە و تەنیا خەسڵەتەکانی جوانی و خۆشەویستییان بۆ هێشتووەتەوە! خۆشەویستییەک کە لە بینینی خودا لە دڵی سۆفییاندا، هەست دەکرێت! فەنا و توانەوەی عاشق لە مەعشووقدا، تەنیا فەنابوونی سۆفییە لە "بەقا"ی هەمیشەییی خالقدا!
هەندەک لە سۆفیناسە ئیسلامییەکان پێیان وایە:
"فەنا"ی سۆفییان، لە ڕێبازی سۆفیزمی ئیسلامیدا، وەک سڕینەوە و فەنابوون نییە لە مەقامی "نیرڤانا"ی بودییەکاندا. ئاخر لای بەشێک لە سۆفییەکانی ئیسلام، پاشی جەزبە و لەخۆچوون، عاریفان بە هۆشێکی بەهێزترەوە، وەخۆ دەکەونەوە و "فەنا"ش هەمیشە "بەقا"یەکی لە دوایە! لە دیدی ئەمانەوە، فەنابوون، جیهێشتنی ئیرادەی ئینسانە و کەسی "فانی"ش، بەو ڕاستینەیە دەگات کە ئیرادەی کامل و ڕاستەقینە، تەنیا ئیرادەی خودایە.



دەروازەی عیشقی مەولانا

## لە "بەلخ"ەوە بۆ "قۆنیە"

ڕیزپەڕی و ناوازەییی مرۆڤەکان لە زانست و ئیدراکدا، چەند پێوەندییان لەگەڵ توانستی بیلۆگیی کەسەکی و ئەکتیڤبوونی خانە تایبەتەکانی مێشکدا هەبێت، هێندەش پێوەستی بارودۆخ و هەلومەرجی پەروەردەییی نێو کۆمەڵ، بنەماڵە و خێزانن.
مەولانای ڕۆمی، سوڵتانی دڵان و گەورەسۆفییەک کە نەخشێکی ئەبەدیی لەسەر بزووتنەوەی سۆفیزم و مانا و کارکردە ڕووحییەکانی، لە ڕۆژهەڵات و تەواوی دنیادا، داناوە، لە بەڵخ و لە بنەماڵەیەکی سۆفی و زێدەدەرکەوتوو، لە ساڵی ١٢٠٧ی زایینیدا، لە دایک بووە.
مشتومڕ و چەلەحانێ، لەمەڕ ڕۆژ، مانگ و ساڵی لەدایکبوونی ئەم زاتە گەورەیە، شوێنێکی دیاری لە لێکۆڵینەوەکاندا گرتووە و ئەوی گرنگە؛ ئەو ساڵ و شوێنەی سەرێ، ساخ کراونەتەوە و زۆرینەی لێکۆڵەرەکان، لەسەریان کۆکن!
ئەمە چ لەدایکبوونێکی گەورەیە کە پاشی نێزیکی ٨٠٠ ساڵیش، مردن زەفەری پێ نابات و ڕەنگە بە درێژاییی مێژووش، فیکر و فەلسەفەی ئەو بۆ: کەون، ژیان، عیشق و خۆشەویستی، مەرگ و فەنا و لیقا، بمێننەوە و قیبلەنمای ڕووحی مرۆڤەکان بن!
لەنێو دارستانی سۆفییاندا، سوورەچناری قامەتی عیشقی مەولانا، هێند بڵندە، چاو هەتەری لووتکەی ناکات و لەنێو دنیای تەسەووفدا، باڵای فیکر و بینینی ئەو، زەردەمایەکە، هەتا ئەبەد چریسکەی دێ! ڕووباری تەریقەتی عیشقی مەولانا، هەزاران دڵی تینوو تێراو دەکا و لەسەر ئاستی دنیای مۆدێرنیش، وەکوو خەزێنەیەکی ئینسانی و مرۆڤویستی چاوی لێ دەکرێ! لەخۆڕا نییە کە یۆنسکۆ، ساڵی "٢٠٠٧"، وەکوو ساڵی مەولانا، ناودێر دەکات.
هەگبەی پڕ زانست و مەعریفەی مەولانا، چەند مڵۆیەک لە "بەڵخ" و شارۆیەک لە "شام" و خەرمانێک لە "قۆنییە"، سەرشاریان کردووە و وەکوو زانایەک، بۆ جێگرتنەوەی سوڵتانی زانایان (بەهادین وەلەد)ی باوکی، ئامادە و سازیان کردووە!
مەولانایەک کە بە مێردمنداڵی، شانسی وەرگرتنی "ئەسرار نامە"ی لە خودی زانا و شێخی سۆفییان، فەریدەدین عەتار، لە نەیشاپوور، هەبووبێت و عەتاریش پێشبینیی داهاتوویەکی کلێپەئامێزی بۆ کردبێت و بە باوکی مەولانای گوتبێت: (هاکا ئەم مێردمنداڵە، گڕی لە ئەنباری سووتەمەنیی عالەم بەردا!) هەر دەبێت لە سەردەمەکانی دواتری ژیانیدا، بووبێتە مەشخەڵی عیشقی خودایی و شێخی مەشاییخانی سۆفیزم!

## مەولانای عاشق

کوورەی عیشقی خودایی مەولانا، لە دەرکەوتنی "شەمس"دا کڵپە دەستێنی و بە باڵایی ئاسمان دەگات.

آ. د . جیهان ئوقویجۆ، پێی وایە، ژیانی مەولانا، پاشی کۆچی دوایی باوکی، بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت: سەردەمی پێش گەیشتن بە شەمس و سەردەمی دوای دەرکەوتنی "خۆر"ەکە"ی ئەو.. واتە قۆناغی "ئەقڵ" و قۆناغی "عیشق".

ژیانی ڕۆمی، لە ساڵی ١٢٣١ەوە بۆ ساڵی١٢٤٤، کە ساڵی ویساڵی شەمسی تەبرێزییە، زانست و ڕێبازی قەڵەندەری، سۆفیزم، زوهد و خواپەرستییە لە پێناوی گەیشتن بە خودا. لەم قۆناغەدا، عیشق لە زوهد و خوداپەرستیدا پەنهانە و لە سەردەمی دەرکەوتنی "شەمس"یشدا، تەقوا لە عیشقدا پەنهان!

شەمسی تەبرێزی، ئەو ڕەشەبایەی کە مێژەری ئەم زانا هێمنەی ڕفاند و عاشقێکی هەستخرۆشاو و کڵپەسەندووی لێ خولقاند!

شەمسی زانا، شەمسی سۆفی و شەمسی تینووی سەوداسەری کەشفی نهێنەکانی وجوود و گەیشتن بە حەقیقەتی "حەق"، گشت تەمەنی خۆی لە سەفەردا سەرف کرد و ناسناوی "باڵندە"ی وەرگرت و لە کتێبی "مەقالات"دا، ڕاڤە و تەفسیر و مەوعیزەکانی، لە باڵاترین پەخشانی بە زمانی فارسی نووسراودا، جێ کەوتن!

(وەی خودایە! یەکێک لە خۆشەویستە پەنهانەکانی خۆتم پێ بناسێنە! هەر بەخشینێکیش، بەها و نرخی خۆی دەخوازێت!) لێیان پرسی: تۆ لە پێناوی ئەو بەخششەی خوادا، چی دەبەخشیت؟ بێ هیچ گومان و دوودڵییەک، شەمس گوتی: "سەر" دەبەخشم!

شەمس، تینووی ویساڵی کەسێک بوو، تێراوی بکات و لە وڵاتی ڕۆمدا، مەولانای دیتەوە.
شەمس تینوو و ڕۆمییش، لەدوی ئەو دەگەڕا!
ڕۆمی دەڵێ:





(تینوو لە خۆیدا پێچ دەخوا و دەڵێ:
گوڵی شیرین لە کوێی؟
گوڵیش تاسەی دیداری ئەو، دەڵێ: چۆنت ببینمەوە؟)
هەر لە هەمان بواردا، ڕۆمی لە "مەسنەوی"دا، دەبێژێ:
(ئەگەر عاشقێکت بینی، دڵنیا بە، ئەو مەعشووقە!
تینووەکان، لە دنیادا، لەدوی سەرچاوەی ئاو وێڵن،
ئاویش شەیدا و سەوداسەری تینووەکان!)

دەڵێن "شەمس"، هێند تامەزرۆی پرسیارەکانی وجوود و ئیلاهییات بووە، لە یەکەم پێکگەشتنی ڕاگوزەردا، لەگەڵ مەولانا، لێی دەپرسێت: جەنابی شێخ، داخۆ موحەمەدی پەیامهێنی موسڵمانان مەزنترە، یاخود بایەزیدی بەستامی؟

مەولانا دەڵێ: چ پرسیارێکە ئەمە؟ دەبێ بەستامی لە ئاستی دوایین سەرتۆپی پەیامهێناندا، چ بێت!

شەمس دەبێژێ: ئەدی بۆچی پەیامهێنی خودا، لە ڕۆژێکدا، هەفتا جاران، داوای لێبووردن لە خودا دەکات و دیسانیش دەفەرموێت:(ئەی ناسراو! ئێمە بە حەق، ناسراویی تۆمان نەناسی!) کەچی بایەزید گوتوویەتی:(سبحانی، ما أعظم شأني...)، ئەرێ کامە پەیڤیان دروستترە؟

ڕۆمی لە وەڵامدا:(بەستامی لەچاو پەیامهێندا، فرە تینوو نەبوو. جامۆڵکەی ئەو، لەیەکەم مەقامدا، سەرڕێژ بوو، بەڵام پەیامهێن، لە ڕۆژێکدا، حەفتا مەقامی دەبەزاند و لە هەر مەقامێکی نوێدا، نزمیی مەقامی پێشووی دەبینی و داوای لێبووردنی لە خودا دەکرد، کە چۆن پێشتر، بە مەقامی گچکە ڕازیی بووبوو! ئەمەیە هۆکارەکە...)

دەڵێن شەمس، لە ژنەوتنی وەڵامی مەولانادا، لە هۆش خۆی دەچێت و بۆ تەکییەی دەبەن! مەولانا، لەمەڕ ئەم یەکەمین دیدارە، دەڵێ:

(لە تەهی ئاسمانەوە،
لە سەحەردا،
سەفەری کرد مانگەکەی من،
لە خوارێ ڕا، نیگای کردین...
وەکوو بازێک چۆن چنگاڵی
لە نێچیری خۆی گیر دەکات،
هەروا مانگیش، ڕاوی کردم،
بەرەو ئاسمانی هەڵکێشام!)

لێکۆڵەران، لەمەڕ دڵبەندیی نێوان مەولانا و شەمس، بە جێگایەک گەیشتوون کە چیرۆکی ئەم عیشقە، هەموو سنوورەکانی بەزاندووە و مەولانای بەر ڕەخنە و سەرکۆنەی موریدان و شوێنکەوتووانی خۆی خستووە.
مەولانا، لە ڕووحی تیشکباری شەمسدا، خەزنەی گەوهەرێک دەبینێتەوە، کە لەمێژ بوو، لەدوی وێڵ بووە. شەمس، نەک هەر دەبێتە ئەندامێکی خێزان و بنەماڵەی مەولانا، بگرە لە خەڵوەتگە و زوهدیشدا، لێی جیا نابێتەوە و دەبێتە بەشێک لە ڕووحی مەولانا!
سوڵتان وەلەدی کوڕی مەولانا، لەمەڕ ئەم یەکگرتنەی شەمس و باوکی، دەڵێت:
(پێوەندیی مەولانا و شەمس، ڕێک وەک هاوڕێیەتیی نێوان "مووسا" و "خدر" بوو! هەر چەند کە مووسا پەیامهێن بوو، بەڵام عەوداڵ و داواخوازی خدر بوو. مەولاناش پیاوی مەزنی زەمەنی خۆی بوو، کەچی لە شوێن شەمس وێڵ بوو!)
وەدەستهێنانی "شەمس"ێک کە سەرپاکی خۆشییەکانی دنیای تەڵاق دابوو، سۆفییەک کە باڵەکانی لە باڵاییەکاندا، شەقەیان دەهات و لە دنیاییەکان بەتاڵ بوو، قوربانییەکی زۆر و لەدەستدانی زۆر شتی گەرەک بوو. لەو زەمەن و سەردەمەدا، جگە لە مەولانا، کەسێک نەبوو کە بتوانێت ئەو باجە گەورەیە بدات و هەر شتێکی کە هەیبووە، لە بەرپێی "شەمس"ی بنێت! مەولانا؛ زانستی، مەعریفەی، ڕێڕەو و ناوبانگی خۆی کردنە نەزری شەمس و لە پێناو عیشقی شەمسدا، خۆی لە هەموو شت بێبەری کرد!
عەبدولباقی گیول بنارلی، کە هەشت بەرگی لە "دیوانی گەورە" و پەخشانەکانی مەولانای بۆ یەکەم جار، بۆ زمانی تورکی وەرگێڕاوە، وەها تەفسیری ئەم حاڵەتەی مەولانای کردووە:
(ئەگەر شەمس نەهاتبا، نووری مەولاناش، هێند درەوشاو نەدەبوو کە ئێستا ئێمە دەیبینین! نەهاتبا، ڕەنگە مەولانا، شێخێک لە شێخان و سۆفییەک لە سۆفییان بایە و ئەم خۆرە پرشنگدارەی زەمەنی ئێستامان نەبایە! ئەگەر شەمس نەهاتبا و بە مەولانا نەگەیشتبا، دیسان ئەویش، ئێستا ناو و ئاسەوارێکی نەدەما!





چ شەیداییەکی هەبوو، مەولانا! ئەو چرایەکی ساز، درەوشاو، فتیلەدار و لێوانرێژ لە ڕۆنی زەیتوون کە تەنیا چەخماخەیەکی بۆ هەڵاییسان گەرەک بوو، شەمسیش ئەو پزیسک و ئاگرە بوو!
چرای عیشقی مەولانا پێ بوو، تیشکی چرا، لە ڕووخسار و دڵی شەمسدا چریسکەی دا و ئیدی ئەویش، پەپوولەیەکی گڕخواردووی دەوری گڕ و هەتا سووتان، هەر دەسووڕا!)
ئەم لە ئەودا و ئەو لە ئەمدا، بە ئاوی عیشق، تینوێتییان بنبڕ کرد...
ڕۆژ و شەوان، هەر پێکەوە و شەمس بوو بە تاکە دنیای ڕۆمییەکەی شێخی زاهیدان. ئەو هەموو شتێکی بیر کرد و تەکییە و مەدرەسە و شاگردانی وەلا نا. مەولانا، بە ئەقڵ و کەماڵی کاملەوە، وەک خوێندکار، لە بەردەمی مامۆستاکەی بە چوارمشقی دادەنیشت و لێی پڕ نەدەبوو! ئەمە خوێندنگەی عیشق بوو، دەرسیش هەر دەرسی شەیدایی و عیشق. شەمس، تۆپێکی گڕگرتوو، دەسووتا و هەموو شتێکی لە خەڵکدا دەسووتاند!
ئەوە شەمس بوو کە کتێبەکانی موتەنەبی و بەهادین وەلەدی لە دەستی مەولانا وەرگرت و پێی گوت: تۆ کە ڕووحێکی مەزن و عیشقێکی کڵپەسەندووت لە دڵدایە، من دڵنیام لەوان چاکتری دەبێژیت و دەینووسی! گوێ بۆ ئیلهامی دڵت و دەنگی خودایی ڕادێرە و بڵێ:( ئا ئەمەیە دەنگی ڕووحم.)
شوێنبزربوونی شەمس، پاشی ١٦مانگان، مەولانای نیگەران کرد و هەدادانی نەما...
نامەکانی مەولانا بۆ شەمس کە گەیشتبووە شام، ئاگرێک بوون، شەمسیان بۆ قۆنییە، ڕاکێش کردەوە...

(ڕۆشناییەکەی دڵی ئێمە!
ئەرێ هیوای هیواکانمان!
ژیانی ئێمە نەزرتە و
بۆ خاتری خوا،
ئیدی با بەس بێ دابڕان!)

شەمس لەگەڵ "سوڵتان وەلەد"ی کوڕی مەولانادا، دێتەوە و وەکوو پادشا، پێشوازیی لێ دەکرێ...

(بەڕێوەیە...
خۆر و مانگم،
زیوینبەدەن، زێڕینپێستم،
من کە لە دووریی مردبووم،
سەرم مەست و
پڕ شەپۆلان، ناخم، ئەمڕۆ!
کە بە لەنجەی دڵڕفێنی،
ئەوڕۆکە دێت،
ڕووحم چەپکێ گوڵەباخ و
لەسەر ڕێیدا،
پەرش و
بەرپێی،
باخچە و گوڵستانە، ئەمڕۆ!)

عیشقی مەولانا بۆ شەمس، بە ئاستێک گەیشتووە، مەولانا هەستی بە غوربەتێکی قووڵ کردووە، غەریبی لە هەموو کەس و خزموخوێشێک، جگە لە شەمس...

(تۆم ڕژاندووەتە ڕووحی خۆم،
هەر لە پێناوی تۆدایە،
بە کەسوکارەکەم نامۆم!)

## مەولانا و سەمای سۆفییان

گێڕانەوەکان پێمان دەڵێن، ئەوە شەمس بوو کە دنەی مەولانای بۆ سەما دا، سەمایەک کە پاشتر دەبێتە سیمبۆلێکی تایبەتی تەریقەتی مەولەوی.

پێش ئالوودەبوونی مەولانا بە عیشقی شەمس، ڕەنگە جاروبارە، لە ڕێوڕەسمی سەمادا ئامادە بووبێت، کەچی لەبەر تیشکی شەمسدا، ئیدی بێ سەما هەڵناکا و شوێن و ناشوێن و وەخت





و ناوەختی بۆ نابێت. مەولانا لە تەکیە و خویندنگە، لە شەقام و ناوبازاڕیشدا، لەگەڵ جەمعی سۆفییاندا، سەمای کردووە و ئەو ڕێوڕەسمی خوداپەرستییەی جێبەجێ کردووە!

سۆفییەکان، وەکوو بەشێک لە بەرزەفتکردنی نەفس و ڕاهێنانی، ئاسوودەکردنی ڕووح و دنەدانی، نغرۆبوون و مەستبوون و توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا، بۆ سەرکەوتنی چەند پلەیەک و نزیکبوونەوە لە خودا و سووتان لە عیشقی مەعشووقدا کە هەر خودی خودایە، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و بە بەرگ و قووچکڵاوی تایبەتەوە، سەما دەکەن.

سەمای سۆفییان، گەر چی وەکوو سیمبۆلێکی تایبەتی تەریقەتی مەولەوی ناسراوە، وەلێ بە پێی بۆچوونی هەندەک لە سۆفیزمناسان و ڕۆژهەڵاتناسان، مێژوویەکی دێرینتری هەیە و ڕیشەی لە کەلتوور و ڕۆشنبیریی دێرینەی میللەتاندا داکوتاوە.

ئانماریا شیمل (١٩٢٢_٢٠٠٣)، ژنە ئایینناسی ئەڵمانی، پێی وایە کە هەندەک نموونەی "سەما"، لای خوداناسان و پەیامهێنانی سەردەمی دێرین هەیە و داودی پەیامهێنیش، ساتانێک کە وەجد دەیگرت، بە دەوری سندووقی ڕەبانیدا سەمای دەکرد.

کریستییانەکانیش لە دەورانی دەستپێکدا، لە پێناوی عیشقی "مریەم"ی پاکژندا، سەمایان کردووە. ئەی ئەوە نییە کە لە ئینجیلدا هاتووە،( فوومان لە دەروونی نای کرد و ئێوەش سەماتان کرد!) بەڵام بڕیاری کۆبەندی کەنیسەکان، لە ساڵی ٥٨٩ی زایینیدا، سەمای یاساغ کرد و گوتی: (سەما لە هەر جێگایەکی ئەنجام بدرێ، شەیتانیش لەوێیە!)

سەمای سۆفییان لە دنیای ئیسلامدا، ئێجگار کۆنە و یەکەمین مەکۆی سەما، لە شاری بەغداد، ساڵی ٨٦٤ی زایینی دامەزراوە.

سەمای سۆفییان، لە نێوەندی سۆفییەکاندا، مانا و سیمبۆلێکی قووڵ و بایەخێکی گەورەی هەیە.

حەلاج گوتوویەتی:

(حاڵی عاشق لە سەمادا،
کە لە دەوری خۆی دەگەڕێ،
هەمان حاڵی پەپوولەیە
کە لە دەوری نوور دەسووڕێ!)

جونەیدیش پێی وایە، لە سێ شوێندا، ڕەحمەت بەسەر هەژاراندا دەبارێت، یەکێک لەوان، کۆڕی سەمایە کە لەوێدا، دەنگی خوای گەورە دەژنەون و بۆ ڕێزلێنانی خودا، سەما دەکەن!

سۆفییە گەورەکان و لەوانیش "سەنائی، ئەوحەدەدینی کرمانی، عەتتار و فەخرەدینی عێراقی" کە نزیکەی هاوسەردەمی مەولانا بوونە، سەمایان کردووە.

مەولانا، لە مەسنەویدا و لە دیوانی شەمسی تەبریزیدا، گرنگییەکی زۆری بە سەمای سۆفییان داوە و دەبێژێ:

( سەما خۆراکی عاشقان و ڕێگای نزیکبوونەوەیە لە خودا ).

مەولانا دەبێژێ:

(سەما بیستنی پەیڤی "بەلێ"یە، بیرکردنی نەفس و گەیشتنە بە خودا!

تۆ دەزانی "سەما" چییە؟

بینین و دەرککردنی مەعشووق و بیستنی نهێنە ئیلاهییەکانە، لەپشت پەردەکانی لاهووتەوە!

جێهێشتنی وجوود و لەزەتبردنی خلوودە لە فەنادا!

سەما، جیهادی نەفس و سەماکردنە لەسەر زەوی، هەر وەک مریشکێکی نیوەسەربڕاو کە شەلاڵی خوێنی خۆیەتی!

سەما گەیشتنە بە نهێنێکی خودایی کە فریشتەکان نەیگەیشتنێ!

لە خودادا ناتوێتەوە،

کەسێک هێز و پێزی سەما،

پەی پێ نەبات!)

مەولانا، پێش دیداری شەمس، هێندە بایەخی بە سەما نەداوە، یاخود هەر نەیکردووە، ئەوە شەمس بوو کە مەولانای عاشقی سەمای سۆفییان کرد و لە هەر شوینێکی بەر شەپۆلی وەجد کەوتبا، لە تەکییە، لە ماڵ و نێوبازاڕدا، سەمای دەکرد!

سەما لە سەرەتا و دەستپێکدا، سادە و بێ هیچ پرەنسیپ و ڕێساگەلێک ئەنجام دراوە، بەڵام پاشتر و لە زەمەنی "سوڵتان وەلەد' ی کوڕی مەولانادا، ڕێوشوێن و ڕێساگەلی تایبەتی بۆ دانران.

لە سەمای سۆفییاندا، هەموو جووڵە وبزووتن و جلوبەرگێکی سەماکار، مانا و ئاماژەی تایبەتیان، لە دنیای سۆفیزمدا هەیە و چەمک و تێگەیشتنەکانی سۆفیان بۆ کەون و وجوود، ژیان و مردن، نەفس و ڕووح وێنا دەکەن.

سەماگەی بازنەیی ڕێوڕەسمی سەماکردن، ئاماژە و سیمبۆلی "کەون"ە. پۆشاکی سوور، کە شێخ دەیپۆشێت، ئاماژەیە بۆ کۆچی مەولانا و بە خوداگەیشتنی ئەو لە خۆراوابووندا، واتە سیمبۆلی ویساڵە. کڵاوی دەروێشان، ئاماژەیە بۆ "لەحد"، بەو مانایەی سۆفیی سەماکار،





خۆی و ئارەزووکانی پێش مەرگی، دەکوژێتن!

کراسی سپیی ئاودامان، نیشانەیە بۆ "کفن". لابردنی پۆشاکی سەرەوەی سۆفی، پێش دەستپێکی سەما، ئاماژەیە بۆ فڕێدانی "نەفس" و پاکژبوونەوەی مەعنەویی سەماکار.

لێکهەڵپێکانی هەر دوو باڵ لەسەر شان، ئاماژەی یەکبوونی خالقە، کردنەوەیان و سووڕانەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ، مانای لە ئامێزگرتنی هەموو "کەون"ە لە دڵدا. ساتێکیش سۆفی لە دەوراندا، دەستی ڕاستی بۆ ئاسمان بڵند و دەستی چەپیشی بۆ زەوی نەوی دەکات، پێمان دەڵێ، ئەوی لە خودای وەر دەگرێت، بەسەر خەڵکدا دەیبەشێنێت!

ڕێڕەسمی سەما، بە ڕێتم و ئاوازی ئایینی دەست پێ دەکات و دەنگی جووڵە و هاتنەپێشەوەی سەماکاران، ئاماژەیە بۆ "کون"ی فەرمانی خودایی، بەڵام ناڵەی "نەی" سیمبۆلی ڕووحێکە کە خودای تەعالا، لە جەستەی مرۆڤی "فوو" کردووە!

## ونبوونی شەمس و دابڕانی یەکجارەکی

شەمسی تەبریزی، خەرمانەی مانگەکەی مەولانا، لە ساڵی ١٢٤٧دا، لە دۆخێکی ناڕوون و تەمومژاویدا، بە یەکجاری شوێنبزر بوو. شەمس بە نهێنی تیرۆرکرا؟ یاخود لەدوی عیشقی خودا، فڕی و لە هیچ کوێ نەنیشتەوە؟ کەس نەیزانی و هەواڵ و ڕیوایەتەکانیش ئێجگار زۆرن.

ئەوەی کە بەشێک لە یارانی مەولانا، کە نەیاری شەمس بوون و هەمیشە دژایەتییان کردووە و گێچەڵیان بۆ ساز کردووە، وەکوو ئەگەری لەناوبردنی شەمس و شوێنونکردنییەتی بە پلان و بەرنامەیەک کە تیرۆر و گۆڕبزریان کردووە!

مەولانا، لە سوێی عیشقی شەمسدا، پێچی دەخوارد و گینگڵی دەدا. ئەو لە "قۆنییە"وە هەتا شام، لەدوی هەواڵێکی شەمس، بۆ شادبوونەوە بە خۆری دڵ، توێشووی سەفەری بەست، کەچی سەرەداوێکی چنگ نەکەوت...

(هەتا کەنگێ لەدوت وێڵ بم؟
لە گشت ماڵان،
لەودیو سەرپاکی دەروازان،
لێت بگەڕێم؟
هەتا کەنگێ تۆ لێم هەڵێی؟
ئاخر، کووچە و
کۆڵان و
گۆشە نەماون،
لەدوی هەواڵ و ناوی تۆ، نەمپشکنیبن!)

مەولانا، کە لە هیچ شوێنێک شەمسی پێ نادۆزرێتەوە و بێ هیوا دەبێت، ئیدی کڵاوێک بە ڕەنگی دووکەڵ لەسەر دەنێ و ئەمیش وەکوو سیمبۆل و ئاماژەیەک بۆ سووتانی هەمیشەییی دڵ!





(ئەگەر ئێمە، جەستە و ڕووحیشمان لێک دوور بن،
هەردووک، تەنیا یەک ڕۆشناییین!
ئەی هەڵوەدای دیداری خۆر!
ئەو ببینیت، یاوەکو من، هەمان شتە...
ئاخر، ئەو، من و منیش ئەو!
کە من ئەو بم، ئیتر بۆ لەدوی بگەڕێم؟)

ئیدی عیشقی مەولانا بۆ شەمس، دەبێتە عیشقێکی ڕووحیی پەنهانی دڵ و دەبێژێ:

(ڕۆژ و شەوان،
تۆ لە دڵی مندا دەژییێ،
هەر ساتێکیش،
غەریبی و تاسەی تۆ بکەم،
لە قووڵاییی دڵەکەی خۆم،
ڕادەمێنم!)

لە شوێنێکی دیکەدا، دەبێژێ:

( کە ئەو "خۆر" بێت، من گەردیلەم.
ئەو زەریا بێت، من تنۆکێکی وردیلەم!
نووری گەردیلە لە خۆر و ژیانی تنۆک، لە زەریا!)

# سەفەری جاویدانی مەولانا

سالّی ۱۲۷۳، پاش دلّنیابوونی لە تۆمارکردن و نووسینەوەی بەرهەمەکانی بە دەستی "حیسامەدین چەلەبی"، کە دە سالّێکیان خایاند، ئیدی مەولانای مەزنەسۆفی و گەورەشاعیر، لەسەر جێی دواماڵاوایی ڕاکشا و دەردی ئەو هیچ دەرمانێکی نەبوو، یاخود هەر دەرمانی گەرەک نەبوو!

لە ساتێکدا، تەواوی شار و پێکهاتەکانی، لە نیگەرانیدا، چاوەڕێ بوون، مەولانا ئاسوودە و بەختەوەر، لە چاوەڕوانیی "لیقا"ی مەعشووقدا، لێی ڕاکشابوو. وەختێک کە سۆفییان و موریدانی، نزای شیفایان بۆ دەکرد، ئەو دەیگوت: (با تەندروستی و شیفا بۆ ئێوە بێت. ئێستا تەنیا پەردەیەکی ئێجگار تەنک، لەنێوانی عاشق و مەعشووقدا ماوە!)

ساتێک ژنەکەی پێی دەڵێ:(بریا چوار سەد ساڵ ژیابایت، هەتا دنیات پڕ لە نووری حەقیقەت کردبا!) مەولانا دەبێژی:(نە فیرعەونین و نە نەمروود، تا تەمەننای تەمەنی درێژ بکەین! ئێمە نەخولقاوین کە تا ئەبەد بژییێن. ئێمە پەرۆشی گەیشتنین بە مەجلیسی پەیامهێنی گەورەی خۆمان!)

مەولانا، هەر لە ئاویلکەدا گوتوویە:

(ساتێ کە ڕووحکێشم تۆ بیت،
مەرگ لە هەنگوین شیرینترە!
کە بڕیار بێ، بۆ کن تۆ بێم،
مردن لە ڕووح، ئازیزترە!
***
من پۆشاکی جەستەم لادا،
ئەویش باڵاپۆشی خەیاڵ!
من لە خۆشیی ئەم "لیقا"یە،
هەموو گیانم، لە لەرز، شەڵاڵ.)





مەولانا، مەرگی لەئامێز گرت. ئەو ماڵاوایی لە ژیان نەکرد، بگرە سڵاوی لە ویساڵی مەعشووقی باڵا کرد! شەوی مەرگی مەولانا، شەوی شادی بوو نەک شیوەن، شەوی بارینی هەنگوین بوو، نەک سرکە!

شار خرۆشا، جەستەی مەولانا بە خاک و ڕووحەکەیشی بە ڕووحی خودا سپێردران! نووری عیشق و عیرفانی ئەو، لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو دوا کونجی خۆراوا، شەپۆلی دا!

سوڵتانی دڵان، دەبێژێ:

( کە من مردم،
لەنێو گۆڕ و خاکوخۆڵدا،
لێم مەگەڕێن.
تۆ لە دڵی عاشقاندا، دەمبینییەوە!)

شاری قۆنییە، وەکوو نێوەندێکی ڕۆشنی زانست و مەعریفیی ئەو سەردەم، چەند کارکردی لەسەر مەولانا هەبووە، مەولاناش سەت هێندە، ئەو شارەی پڕ لە نوور کردووە و قۆنییەش تیشکی ئەوی لێ باریوە. ئەوە نییە کە "عارف نیهاد ئاسیا"، دەبێژێ:

( وەرە، ڕێگاوبان چۆڵ نییە!
ناڵەی نەی و هەموو سەوزی و سەوزەزارێک،
"قوببەی سەوز" و
شاری "قۆنییە"ش، مەولانایە!)

# بەرهەمەکانی مەولانای ڕۆمی

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەکانی مەولانا، بە زمانی فارسی نووسراون کە زمانی باڵای نووسینی سەردەم بووە. ئەوەی کە مەولانا، هەندەک شیعر و نامەی بە زمانی عەرەبی نووسیون، تەنیا نیشانەی شارەزایی و قووڵڕاچوونی ئەوە بە زەریای زمانی عەرەبیدا!

مەولاناناسان، پێیان وایە، ئەو هیچ کتێبێکی بە زمانی تورکی نەنووسیوە، بەڵام هەندەک وشە و زاراوەی تورکیی بەکار هێناون، یاخود هەندەک شیعری جووتزمانی فارسی و تورکیی هەن!

## ١. مەسنەوی

ئەم کتێبە شەش بەرگییە، کە ٢٥٦٦٨ بەیت شیعری لەخۆ گرتووە، لە گرنگترین و پڕخوێنەرترین بەرهەمەکانی ڕۆمییە و شوێن و پێگەیەکی تایبەت و دیاری لە فیکر و ئەدەبی سۆفیزمدا هەیە. مەسنەوی، سیستێمێکی شیعریی ئەدەبی فارسی، عەرەبی، تورکی و پاشانیش کوردییە کە بە مانای "دووانەیی" دێت، واتە هەر دوو "بەیت"ەکە بە یەک سەروا کۆتاییان دێت. ناوی "مەسنەوی" لە مانا سۆفیستەکەیشیدا، ئاماژەیە بۆ دووانەیی عالەم؛ وجوود و عەدەم، شێوە و مانا!

هەندەک لە ئەدەبناسانی سۆفیزم، پێیان وایە، ئەگەر چی مەسنەوی، بەرهەمی بلیمەتیی و زانایی ڕۆمییە، بەڵام لە بوارە ڕووحییەکەیدا، جۆرێکە لە درێژەپێدانی هێڵ و ڕێڕەوی ڕووحیی (فەریدەدینی عەتتار و سەنایی غەزنەوی.)

فەرەیدوونی سوپاسالار، نووسەر و گەورەسۆفیی ناوداری تەریقەتی مەولەوی، لە سەردەمی مەولانادا، دەبێژێ:(دیوانی مەسنەوی، گەر چی لە ڕواڵەتدا، دیوانێکی شیعرییە، بەڵام لە ڕاستیدا، کتێبی ڕێنوێنکردنی موریدان و شوێنکەوتووانی ڕێبازی مەولەوییە! لێرەدا، نهێنی تەوحید، ڕاڤەکردنی ماناکانی ئایەتەکان و فەرموودەکان، کرۆک و گەوهەری حەقیقەتەکان نەخشێنراون. ڕۆمی خۆی، پێی وایە، مەسنەوی کەشفکاری مانا باتنییەکانی قورئانە!)

مەسنەوی، چ وەکوو دەقێکی ئەدەبیی ناوازە و چ وەک گەنجینەیەکی فیکر و فەلسەفەی سۆفیزم، کارکردی خۆی لەسەر ئەدەبی خۆرهەڵات و خۆراوا داناوە و زمانێکی زیندوو نەماوە، کە ئەم بەرهەمەی بۆ وەرنەگێڕدرابێت و گەورەفەیلەسووف و شاعیرەکانی دنیای بە خۆیەوە مژوول نەکردبێت!





## ٢. دیوانی گەورە(دیوانی شەمسی تەبریزی)

بەرهەمێکی شیعریی تێروپڕ، لە قەسیدەی لیریکی سۆفیستی و چوارخشتەکی، کە لە کۆبەندی کێشە عەرووزییەکاندا نەخشێنراون.

ئەم بەرهەمە، ٢١ قەسیدە و (٣٥٣٠) چوارخشتەکی لەخۆ دەگرێت و کۆی ژمارەی بەیتەکان دەبێتە (٤٨٣٦٤) بەیتەشیعر!

کارێکی ئەدەبی عیرفانیی زێدە مەزن و لێوانلێو لە شەپۆلی ئیحساس و خۆشەویستیی خودایی و تاسە و ئازارەکانی دابڕان لە شەمسی تەبریزی!

## ٣.فیە ما فیە (ئەوەی تێدایە کە تێیدایە)

وتارە پەخشانئامێزەکان و کۆی دیالۆگ و مشتومڕێک کە لەنێوان مەولانای ڕۆمی و زانا و عاریفەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان و دەستەڵاتدارانی سەردەم بەڕێوە چوونە و هاودەمان و شوێنکەوتووانی تۆماریان کردوون، کتێبێکی پڕ مەعریفە و حیکمەت، ئاخنراو بە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پەیامهێنی موسڵمانان.

لێرەدا، وەک لە زۆرینەی بەرهەمەکانی مەولانادا، خوێنەر، لە فیکر و تێگەیشتنە عیرفانی و فەلسەفییەکانی مەولانا، لەمەڕ هەر دوو دنیای "فانی" و "باقی" دەگات.

بیرۆکەکانی مەولانا، لەمەڕ هەوڵەکانی بۆ ڕاڤەکردنی پرەنسیپەکانی تێفکرین و ئاستەکانی دڵنیابوون و پەیوەندییەکانی نێوان ڕێبەر و موریدان، بابەتەکانی "تەقوا"، "صدق"، "ورع" و ڕەوشتە جوانەکان، مەوعیزە و مۆچیارییەکانی بۆ "پەروانە"ی وەزیری سەلجووقییەکان، جێ کەوتوون!

ئەم کتێبەی مەولانا، دەکرێت وەکوو بیبیلۆگرافیای ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، چاوی لێ بکرێت و وەکوو سەرچاوەیەکی سۆسیۆلۆگیش، بۆ خوێندنەوەی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ئەوێ ڕۆژێی کۆمەڵ، کەڵکی لێ وەر بگیردرێت!

ئەم بەرهەمە حەفتا و شەش فەسڵییە، بۆ زۆرینەی زمانەکان وەرگێڕدراوە و "عەلی نانەوازادە"ی نووسەریش، جوانی کورداندووە!

## ٤.حەوت مەجلیسەکە

بەرهەمێکی سۆفیستی، ئایینی، شیعری و پەخشانئامێزە، بە هەر دوو زمانی فارسی و عەرەبی نووسراوە و کۆبەندی مەوعیزە، وتار و خیتابەکانی مەولانایە بۆ موریدان و شوێنکەوتووانی تەریقەتی مەولەوی، لە تەکییە و مزگەوتەکانی قۆنییەدا.

ئەم بەرهەمە، زادەی سەردەمی پێش هاتنی "شەمس"ی تەبریزییە بۆ قۆنییە، واتە سەردەمێک کە عیشقی مەولانا، لە تەقوادا پەنهان بوو.

مەولانا، لەو سەردەمەدا، زانا و ڕێنیشاندەر و ڕێبەری موسڵمانان و واعیز و ڕاڤەکاری ئایەتەکانی قورئان، فەرموودەکانی پەیامهێن و چیرۆک و سەربوردەی هاوەڵانی پێشینە بوو.

لێرەدا، مەولانا، بە شیعر و پەخشان و شەپۆلانێک کە لە خامەی سەرڕێژی ئەو، دەڕژانە زەریای زانستی ئیلاهییات، "سۆفیزم و ئەخلاق" توێژیزە دەکات.

## ٥. نامەکان

کۆمەڵێک نامەی مەولانا، (١٤٥_١٤٧) نامەی پەخشانئامێز و پڕ لە حیکمەت و مەوعیزە، نووسراو بۆ ئەمیر و سوڵتانەکانی سەردەم، موریدان و شوێنکەوتووانی تەریقەتەکەی.

ئەم نامانە، ئاماژەن بۆ ترۆپکی زانایی ڕۆمی لە نووسیندا، هەر نامەیەکیش پارچەیەکە لە شێوازێکی باڵای پەخشاننووسین کە ڕووح و دڵ دەگەشێنێ و ڕاستینە ئایینی و ئەخلاقییەکان، لە ویژدانی خوێنەردا، دەچەسپێنێ!

لەمەڕ ڕۆمی و بەرهەمەکانی، وەهایان گوتووە..

محەمەد ئیقباڵ لاهوری، شاعیر، فەیلەسوف و سیاسەتمەدار:

(مەولانا بوو، خاکوخۆڵی کردە مەرهەم! وەک گەردیلەی لمی بیابان، سەفەری کرد، تا ڕووناکیی خۆر، ڕاو بکات! من شەپۆلێکی داساکاوم، لە زەریاکەی عیشقی ئەودا، هەتا گەوهەرێکی درەوشاو، وە دەست بێنم!)

عەبدوڵڵا ئەلدەهلەوی:

سێ کتێب، هاوشێوەیان نییە: قورئانی پیرۆز، سەحیحی بوخاری و مەسنەویی جەلالەدینی ڕۆمی!

پرۆفیسۆر، د. عەبدولحەکیم ئەلخەلیفی:

کتێبی سۆفییەکان، ئەگەر لە بواری فەلسەفیشدا هاوتا و یەکسان بن، بەڵام لە دنیای





ئیحساس و عەتف و ڕووحانیدا، ڕۆمی بەجۆرێک باڵایە، هیچ پێوەرێک نایگرێتەوە!

آ. ماریا شیمل:

چرکەساتانێک هەن، لە ژیاندا بیرناچنەوە و ڕێڕەوی ژیان دەگۆڕن. لەو ساتانەدا، مرۆڤ هەست بە نزیکیی خودا دەکات، لە زەریای وەجدی ئاسمانیدا نغرۆ دەبێت و دەهەژێت! من لە زانکۆ و بۆ یەکەم جار، بە بیستنی بەیتێکی مەسنەویی ڕۆمی، ئەو چرکەساتانە ژیام! لەو ساتەوە، هەرگیز لە کتێبەکانی ڕۆمی کە زۆرترین ڕێز و حورمەتم بۆیان هەیە، جیا نەبوومەوە.

## آ. ج. ئاربری:

ڕۆمی، پێش حەوت سەد ساڵ، دونیای لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ڕزگار کرد. ئەورووپای ئەوڕۆ، ناتوانی لە کێشە و نەخۆشییە دەروونییەکان دەرباز ببێت، مەگەر لە ڕێی کتێب و بەرهەمەکانی مەولاناوە!

## ئیرانا مالیکۆف:

( ئەگەر هەموو میللەتانی ئەم دنیایە، سەرجەمی کتێبەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییان، بۆ سەر زمانەکانی خۆیان وەرگێڕابان و بە هۆش و درکەوە بیانخوێندبانەوە، ئێستا هەموو جەنگەکان دواییان هاتبوو، ڕک و کینە نابووت کرابوون، پزیسکی خراپەکاری و بوغزەکان، لەنێوان کۆی مرۆڤەکاندا، خامۆش بووبوون، خۆشەویستی و ئاشتی، لە هەموو دەڤەرێکی دنیادا، جێ کەوتبوون!)

## ئا. د. جیهان ئوقویوجۆ:

مەولانا، تیشکدەری بڵندترین پێگەی ئەقڵ و ناسکترین و جوانترین هەست و سۆزی دڵ بوو.

لای مەولانا، تەکییە و خوێندنگە یەکیان گرتبوو، بۆیێ لە یەک کاتدا، هەم ئەقڵەکان و هەم ڕووح و دڵەکانی تێرئاو دەکردن!

مەولانا، بانگخوازێکی هەمیشەیی بۆ خۆشەویستی و دەنگێک بۆ جوانی و بەختەوەریی هەموو سەردەمەکان بوو!

مەولانا، لەدوی خۆشەویستیی ئایینێکی تایبەت هەڵوەدا نەبوو، بەڵکە عاشق و ئەوینداری ئایینی خۆشەویستی بوو! مەولانا، لە شەریعەتدا، ئەوین و خۆشەویستیی نەدەبینی، بگرە

خولقێنەری شەریعەتی عیشق و خۆشەویستی بوو!
نغرۆبوون لە عشقی خودا و مرۆڤدا، مەولانای بە زیندوویی هێشتووەتەوە و ململانێ و پێکدادانی ئایینەکانیش لە مێژوودا، نەیانتوانی پەردەیەک لەسەر گەورەیی مەولانا بنێن، هەر بۆیە لە خۆراوای کریستیانیشدا، هەمان تیشک و چریسکەی ڕۆژهەڵاتی هەیە! ئەوە بۆیێ پاپای کاتۆلیکەکان، لە ساڵی ١٩٥٨دا، دەڵێ:
(بەناوی کاتۆلیکەکانی دنیاوە، سەری ڕێز و نوازش، بۆ مەولانای ڕۆمی دادەنەوێنم!)

## تیشکدانەوەی ئەدەب و حیکمەتەکانی مەولانا

ئەگەرچی میللەتانی تورک، فارس و ئەفغان، مەولانا و بەرهەم و ئەدەبەکەی بە موڵکی خۆیان دەزانن، بەڵام نوور و ڕووناکیی فیکر و ئەدەبیاتی ئەو، لە سەرجەمی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی دونیادا، دەدرەوشێنەوە و بە بەشێک لە ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی دێنە ئەژمار!
زمانی ئەسڵیی نووسین و ئەفراندنی بەرهەمەکانی مەولانا، فارسییە و پاشتر بۆ زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراون و ڕاڤە کراون.
دەشێ کۆنترین نوسخەی چاپکراوی مەسنەوی، نوسخەی (سوڵتان وەلەد) بێت، کە ٥ساڵێک پاشی کۆچی دواییی مەولانا، لەلایەن دەروێشێک بەنێوی (محەمەدی کوری عەبدووڵڵای قەنەوی)، لەسەر نوسخەکەی (حیسامەدین چەلەبی) نووسراوەتەوە و لە مۆزەخانەی قۆنییەدا، ژمارە "١٥٠"ی پێدراوە و پارێزراوە.
لێکۆڵەران پێیان وایە، یەکەم تەفسیر و وەرگێڕانی مەسنەوی لە وڵاتی ئەنادۆڵدا، "گوڵ شەهری" کردوویەتی کە هەندەک لە چیرۆکەکانی مەسنەویی لە هەر دوو کتێبی خۆیدا، "فەلەکنامە" و " مەنتیقی تەیر"دا، نووسیونەتەوە!
ڕەنگە باشترین و هەمەلایەنترین وەرگێڕان و تەفسیری مەسنەوی، بە زمانی تورکی و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، کاری ( شێخ ئیسماعیل بەن ئەحمەد ئەلئەنقەروی، ١٦٣١_؟ ) بێت، لەژێر ناوی (مجموعە اللطائف). ئەم کتێبە، یەکەم جار، ساڵی "١٨٠٦" لە قاهیرە چاپ کراوە و پاشانیش بۆ عەرەبی و فارسی و زمانەکانی دیکەش وەرگێڕدراوە.
تەفسیر و لێکدانەوەی "مەسنەوی"، هەمیشە بەرەو باڵا چووە و دیارترینیان، تەفسیری (ئەحمەد عەونی قونوک)ە کە پێنج بەرگی تا ئێستا لێ چاپکراوە و پاشتریش، کارەکانی (تاهیر مەولەوی) و (شەفیق جان)ن کە لە هەژدە بەرگدا چاپ کراون.





وەرگێڕانەکانی مەسنەوی بۆ زمانی تورکی، یەکجار زۆرن و بەنامێترینیان:
١_ وەلەد چەلەبی ئیزبوداک، مەسنەوی لەگەڵ ڕاڤەی کول بنارلی، ١٩٤٢_١٩٤٦.
٢_ شەفیق جان، مەسنەوی و تەفسیرەکەی، ١٩٩٧.
٣_ شەفیق جان، گوڵچنی گەوهەرەکانی مەسنەوی، ٢٠٠١.
٤_ عەدنان قەرەئیسماعیل ئغلۆ. وەرگێڕانی مەسنەوی،٢٠٠٥
٥_ فەیزوڵڵا ساجد ئۆلکۆ، وەرگێڕانی بەشی یەکەمی مەسنەوی، ١٩٤٥.
٦_ محەمەد موخلس کونر، کرۆکی مەسنەوی، ١٩٦١.
٧_ عەبدووڵڵا ئۆزتمیز حاجی تاهیر ئۆغلۆ، وەرگێڕانی "٢١٠٨" بەیتی مەسنەوی، بە کێش و سەروای تایبەتی خۆیەوە، ١٩٧٢.

ئەدەبی مەولانا، تیشکدانەوەیەکی یەکجار بەرچاوی لەسەر ئەدەبی ڕۆژهەڵات هەبووە و گەورەشاعیرانی عیرفانیی ئەو ناوچەیە، لەژێر کارکردی فیکر و تەریقەتی مەولەوی ناوە.
یەکەم تەفسیرکردنی مەسنەوی، لە وڵاتی هیندا، لە ساڵی ١٣٢٥ی زایینیدا، "ئەحمەد ڕۆمی"، لەژێر ناوی (دقائق الحقائق) کردوویەتی و ئەم تەفسیرەش، دەبێتە دەستپێکی تیشکدانەوەی ئەدەبی مەولانا، لە هیند و پاکستاندا کە ئەوسات، ئەمی دوایی، بەشێک بووە لە وڵاتی هیند!
لە وڵاتی ئێراندا، شاعیرە هەرە ناودارەکانی تەسەووف، (مەلا جامی) و (حسێن واعیز ئەلکاشفی) و زۆری دیکەش، وەرگێڕان و تەفسیریان بۆ مەسنەوی کردووە و کەوتوونەتە ژێر کارکردەکانییەوە!
تەفسیرەکانی (مەلا هادیی سەبزەواری)، (محەمەدی ئیستلامی) و (سادقی بەهزاد) بوونەتە سەرچاوەی بەرپێژەوی زانایان و لێکۆڵەرانی ئێرانی.

## ئەدەبی خۆراوا و نووری دونیاگری مەولانای ڕۆمی

تویژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی مەولانا، لە وڵاتانی خۆراوادا، مێژوویەکی دیرینی هەیە و ئەمیش پردێک بووە بۆ موتوربەکردنی ئەدەبی سۆفیزمی خۆراوایی بە نووری فیکر و ئەندێشەی سۆفیزمی ڕۆژهەڵاتی!

Sir William Jones کە لەدایکبووی ساڵی "١٧٩٤"ە، یەکەم لێکۆڵینەوەی لەمەڕ مەسنەوی، کردووە و "١٨" بەیتی لێ وەرگێڕاوە.

Jacques Van Wallenbourg(١٨٠٦_؟) یەکەم وەرگێڕانی مەسنەویی بۆ زمانی فرەنسی ئەنجام داوە. لە ئەدەبی ئەڵمانیدا، گۆتەی گەورەشاعیر، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناساندنی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت غەزەلەکانی حافزی شیرازیدا، بە ئەدەبی ئەڵمانی هەبووە، چەند بەیتێکی لە مەولاناش، لە کتێبی "شیعری ڕۆژهەڵات"دا داناوە.

بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی ڕۆمی، بۆ زمانی ئەڵمانی زۆرن و بەپێی ڕای "ئانا ماریا شیمل"، بەشێکی ئەو وەرگێڕدراوانە، نەیانتوانیوە حەقیقەتی فیکری درەوشاوەی مەولانا بە خوێنەری ئەڵمانی بگەیەنن و جوانییەکانی شیعری ڕۆمییان شێڵو کردووە!

ئەو پێی وایە، وێڕای خراپیی بەشێکی هەوڵەکانی پرۆسەی وەرگێڕانی ڕۆمی، دیسان "ف. ڕیوکێت" لەژێر تەپوتۆزی ئەو وەرگێڕانانەدا، تیشکی درەوشاوی مەولانای دیوەتەوە و ساڵی ١٨٢٢، شەست شیعری نووسیوە و پێشکەشی بە (مەولانا، خۆرێکی مەعنەوی کە لە خۆرهەڵاتەوە هەڵهات)ی کردووە!

ئەو، ئاوەها پەسنی ڕۆمیی داوە:

(ئەستێرەیەک کە لەسەر زەوین دەرکەوت و<br>
ناخی منی بە نووری خۆی ڕوون کردەوە،<br>
ئەو لەکوێیە؟<br>
مەولانایەک،<br>
کە سەرپاکی قەدیسانی ئەم دنیایەی<br>
بەزاندووە،<br>
ئەو لەکوێیە؟)





وەرگێڕانی تەواو و سەرکەوتووی مەولانا، بۆ زمانی ئەڵمانی، جۆرج ڕۆسن، ساڵی ١٨٤٩ کردوویەتی و ١٣٧١ بەیتی لەخۆی گرتووە!

وەرگێڕانی زۆر بەنامێی مەولانا، لە هەموو خۆراودا، پشکی "ڕ. نیکۆڵسۆن" ە کە ساڵی ١٩٢٥، ئەنجامی داوە.

"ئێڤا دی ڤیترای"ی ڕۆژهەڵاتناس و هاوکارەکەی، لە ساڵی ١٩٩٠دا، سەرجەمی مەسنەوییان بۆ زمانی فرەنسی وەرگێڕاوە.

مەسنەوی و گوڵبژێری بەرهەمەکانی مەولانا، بۆ نزیکەی هەموو زمانانی میللەتانی دنیا وەرگێڕدراون و لەوانیش:

ئیتالیایی، سپانیولی، ژاپۆنی، ڕووسی و زۆرینەی زمانە ئەورووپییەکانی دیکەش.

مەولانا، نەک هەر غەزەل و شیعرەکانی، بەڵکە تێز و دنیابینییەکانی کارکردێکی جیددیان لەسەر کەلتوور و ڕۆشنبیریی ئیسلامی و نائیسلامی داناوە.

ئەفزەڵ ئیقبال، لە کتێبی خۆیدا کە ساڵی ١٩٧٤، لە تاران و بەنێوی

(The Impact of Mowlana Jalaluddin Rumi on Islamic Cultur)

چاپ کراوە، باسی کارکردەکانی فیکری مەولانا، لە هیند و پاکستاندا دەکات.

هەر یەک لە (ئانا ماریا شیمل و دکتۆر لویس فرانکلین)، لە کتێبەکانی خۆیاندا، تویژینەوەیان لەمەڕ مەولانا و کارکردی ئەو لەسەر خۆرهەڵات و خۆراوا کردووە.

شاعیر و وەرگێڕی دیاری کورد، لە بواری ئەدەب و ئەدەبی سۆفیزمی سوێدیدا، ڕزگار شێخانی، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەمەڕ "ئەورووپا و تەسەووفی ئیسلامی"، دەبێژێت:

(لە ڕاستیدا، ناساندنی شیعری تەسەووفی ڕۆژهەڵاتی لە سوێد، هەوڵی یەک تاکە کەسە. ئەوە ئێریک هێرمێلین "١٨٦٠_١٩٤٤" بوو، کە "مەسنەوی مەعنەویی مەولانا جەلالئەلدینی ڕۆمی، چوارینەکانی عومەر خەیام، شانامەی فیردەوسی و شیعرەکانی سەعدی شیرازی"ی وەرگێڕانە سەر زمانی سوێدی. ئەم گەنجینە گەورەیە، لە ٣٦ بەرگدا چاپکراوە و سامانێکی ئەدەبیی گرنگی سوێدییەکانە.)

شێخانی، لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ:

(زمانزان و ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپییەکان بوون، لە کۆتاییی سەدەی هەژدەدا، ڕۆمی، حافز و ئیبن عەرەبییان وەرگێڕایە سەر زمانەکانیان. لەو ساوە، شیعری ئەورووپایی، کەوتووتە ژێر

کاریگەرییەکی هێندە زۆری شیعری تەسەووفی ڕۆژهەڵاتی، کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە هەندێ وڵاتدا، ڕۆڵی زۆر گرنگ و بزوێنەری لە گۆڕینی شیعری ئەو وڵاتانەدا هەبووە. ئەورووپاییەکان، بۆ ئەوەی گەورەیی ڕۆمی بۆ خوێنەرەکانیان نیشان بدەن، بە "شێکسپیر و گۆتێ"ی دەچوێنن.)

ئەم بەرهەمە:

قسەی من لەسەر وەرگێڕان و ئامادە کردنی ئەم کتێبەی ناوی (گوڵەوەچنی شیعر و حیکمەتەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی)م لێ ناوە، پاشی ماندووبوون و کۆڵینەوەیەک، کە زەمەنێکیان خایاند، و چەندین کتێبی بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوی مەولانام تاووتوێ کردن و لەبەر یەکم ڕانان، ئەوەیە کە زەریای فیکر و عیشقی خودایی ڕۆمی، لە دەرەوەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر، یەکجار قووڵە و هەرچەندی بکەین و بکۆشین، جارێ هەر لە کەنارین و لە قووڵاییەکاندا، دڕ و گەوهەرەکانی ئەقڵی مەولانامان پێ دەرنایێن!

لە ڕاستیدا من، تەنیا گوڵەوەچنێکی حیکمەت و شیعرەکانی ڕۆمیم کردووە و هەوڵم داوە، بە توانست و سەلیقەی شیعریی خۆم، بە شیعر دایانبڕێژمەوە و جۆرێک لە ڕیتم، کێش و موزیکیان بدەمێ و کارێک بکەم کە لە "تەفعیلە" و "عەرووز"ی دەقە ئەسڵییەکان جیاواز بێت. بۆ بەرچاوڕوونیی خوینەر، دەڵێم، کە من لە زمانی عەرەبییەوە و لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە، وەرگێڕانەکەم کردووە و ئیدی لە دەقە عەرەبییەکانیشدا، هەندێکیان، هیچ خەسڵەتێکی ڕەسەنی هونەری شیعرنووسینیان تێدا نەبووە، وەک ئەوەی کە لە زمانی یەکەمدا، ڕۆمی، هونەر و سەلیقەیەکی یەکجار باڵای تێدا بەکار بردوون! ئەمە جگە لەوەی کە "حیکمەتەکان" خۆیان لە بنچینەدا، دەربڕینی قووڵی فیکری و فەلسەفیی دنیابینیی ڕۆمین و لە دەقە فارسییەکەشدا، بە شیعر نەنووسراون.

من لە زۆر باردا و هێندەی توانام پێی شکابێت، "حیکمەت"ەکانم هەڵشێلاونەتەوە و بێ ئەوەی، بە هیچ جۆریک، ناپاکییەکم لە مەبەست و نێوەڕۆکی تێکستەکان کردبێت، هەوڵم داوە، لە هەوارگەی شیعریان بنێم و ڕیتم و موزیکیان وە بەردا بکەم! دیارە لێرە و لەوێش، ئەو کارەم بۆ مەیسەر نەبووە و وەکوو پەخشان دامرشتوونەتەوە.

ئەم کارەی من، دەشێ هەوڵێکی گچکە بێت لەو دەیان هەوڵی کارکردنەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕۆمی کە لە زمانی کوردیدا کراون!

ئەمە هەوڵێکی بچووکە و ئەگەر لەبەردڵان و تاسەشکێنی عاشقانی "ڕۆمی"ش نەبێت، دڵنیام، تەڵەزمێک لە چیای تا چاوهەتەرکات بڵندی ڕۆمی ناتاشێت و
لە گەورەیی ئەو، کەم ناکاتەوە!





دواشتێک کە پێویستی بە گوتن بێت؛ ئەگەر ڕۆژاوا و شارستانەتەکەی، لە بواری تەکنیک و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیدا، قەرزارباری ڕۆژهەڵات نەبێت، ئەوا لە بواری تەسەووف و عیشقی خوداییدا، زۆری لێ وەرگرتووە! من پێم وایە، ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەورووپایی، بە جۆرێک، قەرزارباری زانا و سۆفییە گەورەکانی دونیای ئیسلام و ڕۆژهەڵاتە!

پشکۆنەجمەدین
٥ی سێپتامبەری٢٠١٦، ستۆکهۆڵم

## سەرچاوەکان:

آ. د . جیهان آوقویوجو، مولانا جلال الدین الرومی
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ئۆرخان محمد علی، دارالنیل للطباعه و النشر، الطبعه الثانیه.
٢.مختارات من قصائد مولانا جلال الدین الرومی و غزلیاته، ترجمه وتقدیم: علاآلدین عبدالعزیز السباعی، الطبعه الآولی ٢٠١٠
٣. المنهج القوی، مختارات من المثنوی المعنوی، یوسف بن آحمد المولوی.
٤. ذخائر الاقوال فی مولانا جلال( دراسه فی سیره و فن الشاعر العرفانی جلال الدین الرومی.) اعداد: د. علی حسون. دارالریوایه.
٥. رینولند. آ. نیکۆلسون، فی التصوف الاسلامی و تاریخه، نقلها الی العربیه و علق علیها ابو العلا العفیفی.
٦.ابو العلا عفیفی، الملامتیه و الصوفیه و اهل الفتوه، منشورات الجمل.
٧. حەمەسەعید حەسەن، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا، بڕوانە:
٢٧٢٥٦٤/https://www.basnews.com/index.php/so/opinion
٨. مەولانای ڕۆمی، بڕوانە:
html.٥٠/١٠/٢٠١٤/http://mawlanajalalalrumi.blogspot.se
٩.مەولانا، بڕوانە:
/com.http://mawdoo٣
١٠. مەولانای ڕومی، فیه ما فیه (ئەوەی تێدایە کە تێیدایە)، کوردانندنی: عەلی نانەوازادە.
١١. ڕزگار شێخانی، ئەوروپا و تەسەووفی ئیسلامی، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە"٢٧٧"، ٦ی مای٢٠٠٨.





# گوڵوەچنی شیعر و حیکمەتەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی

لە نمایشی ئەواندا،
ژینی خۆمم بە هەدەر دا،
کەچی خۆمم نەبینییەوە.
بە قووڵاییی خۆمدا ڕوانیم، شۆڕبوومەوە،
جگە لە "ناو"، هیچم لە خۆم نەدیتەوە،
کەچی ساتێک لە خۆم دەرچووم،
بە خۆم گەیشتم!
❊❊❊

تۆ، کە بە دوو باڵەوە خولقێنراویت،
چما پێت خۆشە، بە گاڵۆڵکێ، ژیان بگوزەرێنیت؟
❊❊❊





نغرۆی ئازار و نەهامەتییە،
سەراپای ئەم دنیایە،
بێ لە دەستی خۆشەویستی،
لای هیچ دەستێک، شیفا نییە!
❊❊❊

تۆ تنۆکێک نیت لە زەریا،
زەریایەکی هەڵکشاویت لە دڵۆپێک!
❊❊❊

ڕووح لە زۆریی ستایشکاراندا، دەبێتە فیرعەون!
❊❊❊

هەتا نزیکتر ببییەوە، تێدەگەیت من چەندە دوورم!
❊❊❊

بۆ ئەوەی فێری پەیڤین ببین، ماوەیەک لە بێدەنگیمان گەرەکە!
❊❊❊

لە دڵی تۆدا مۆمێک،
تاسەباری پێکردنە.
لە ڕووحی تۆدا مەودایەک،
چاوەڕوانی پڕکردنە..
ئەرێ تۆ هەستی پێ دەکەیت؟

❊❊❊

گەر سەرتاپای ئەم دنیایە ڕۆشنایی بێت،
کەسێک دڵی ڕووناک نەبێت، تیرۆژێکی لێ نابینێت!

❊❊❊

ئەوەی لە ڕووحی کەسێکدا بیچێنێت، سەوز دەبێ!

❊❊❊

هەر دوو چاوانت دابخە، بە چاوی سێیەمت ببینە!

❊❊❊

ئەگەر ڕۆشنایی لە دڵتەوە بڕژێت، هەرگیز ڕێ بزر ناکەیت!

❊❊❊





هەر کەسێکمان، لە ڕووحی ئەوی ترماندا،
ڕێگا و سەفەری خۆی هەیە.
کەسانێک لەمەڕ سەفەرەکانی ئێمە،
شتێک نازانن، ئەی یار!
ئەوەی ئێمە ئاشنای بووین،
ئەوان هەرگیز درکی ناکەن!

❊❊❊

لە دڵمدا دێی و دەڕۆی،
لە ڕووحمدا پشوو دەدەی،
پڕ لە شادیی دەکەی هەر دوو چاوانی من.
تۆ هیوای دڵخۆشیی من و
من بە بێ تۆ، بێ وجوودم!

❊❊❊

هەرگیز سکاڵایەک ناکات، ئەم دڵەی من،
هەر پەرۆشی درکاندنی خەمەکانییەتی،
لە کن تۆ!

❊❊❊

خەمبار مەبە!
هەر شتێک ون بکەیت، بە شێوازێکی تر، دەیبینییەوە!

❊❊❊

ڕێگای ئاسمان لە ناخی خۆتدایە،
تەنیا باڵەکانی خۆشەویستی لێک بدە!

❊❊❊

هەموو شتێک بزر دەبێ،
تەنیا خۆشەویستییە کە دەمێنێتەوە!

❊❊❊





سینەیەکی توێژاڵ توێژاڵ،
پڕ لە بۆنی دابڕانم، گەرەکە من،
تا خەم و ژانی تاسەباریی، لە کن بدرکێنم...
هەر کەسێکی لە ئەسڵی خۆی هەڵاوێردرێ،
هەردەم مەیلی زەمانی ویساڵی هەیە!

❊❊❊

ئەگەر زۆرت سامان هەیە، لێی ببەخشە،
کەمت هەیە؟
لە دڵتەوە بەخشندە بە!

❊❊❊

لەگەڵ کەسێک کە لێت ناگات،
تۆ زیندانییت!

❊❊❊

تەنیا بۆ تۆ،
بێ پیت، بێ دەنگ،
حیکایەتان دەگێڕمەوە.
بە تەنیا تۆ، گوێت لە منە،
جا با منیش،
سەرگەردانی ژاوەژاوی حەشامات بم.

❊❊❊

ئەوەی ئەقڵ پەی پێ نابات و نایژنەوێت،
تەنیا گوێچکەی ڕووح، دەیبیستێت!

❊❊❊

هەموو کەس، دەنگم دەژنەوێت،
تۆ، دڵم!

❊❊❊





ئەگەر دڵت من ناخوازێ، من بە ڕووحم، ئاشقی تۆم!

❊❊❊

ئەگەر دەرکەم لێ واز ناکەیت،
من لە ئاستانەتدا، دەژییێم!

❊❊❊

بۆ ئەوەی هەست نەکەیت مردوویت،
هەواری عیشق جێ مەهێڵە!
لە ماڵی عیشقدا بمرە،
هەتا ئەبەد، هەر زیندوو بە!

❊❊❊

ئەمە تەنیا ڕێگای تۆیە،
ڕەنگە کەسێک،
چەند فرسەخێک،
هاوسەفەر بێ،
بەڵام هەر خۆت،
بە مەنزڵی دەگەیەنیت!

❊❊❊

لەو ساتەیدا،
ئەقڵ لە پێشهات دەترسێ،
هاواری عیشق ڕا دەبێ:
گوێی مەدەیێ!
هەرچی دەبێ، بڵا ببێ!

❊❊❊

جار لە دوای جار،
لە ناخی خۆت، ڕا مەمێنە،
تەنیا هەر لە من بڕوانە!
بۆ تۆ، منم، لە خودی خۆت، نزیکترم!

❊❊❊

جوانییەک کە ئەبەدییە،
جوانییەک هەرگیز پیر نابێت،
تەنیا و تەنیا، جوانیی دڵە!

❊❊❊





گرنگە؛ ڕووحێک ببینییەوە،
کە تەواوکەری ڕووحت بێ،
کەسێک پەیدا بکەیت،
نەینۆکی بێگەردی تۆ بێ!
نەینۆک: ئاوێنە

❊❊❊

ئەم ژیانە، لە هەناسەیەک کورتترە،
تەنیا تۆوی خۆشەویستیی لێ بچێنە!

❊❊❊

تەنیا لە ماڵی دڵەوە،
دەستت بە ئاسمان ڕا دەگات!

❊❊❊

ئیمان، مانای: لەنێو دڵدا ڕۆشنایی بوێنیت،
جا با سۆمای چاوانیشت، نغرۆی تاریکایی بێت!

❊❊❊

کانییاوە، عیشق!
تۆ، غەریقی ئەو ئاوە بە.
❋❋❋

من نەهاتووم شتێکی نوێت پێ ببەخشم،
جوانییەکت نیشان دەدەم،
لە ناختدا،
هێشتا پەیت پێ نەبردووە!
❋❋❋

هاوسەنگییەکە ژیان،
لەنێوانی دەستخستن و
لەدەستدانی شتگەلێکدا!
❋❋❋

ڕاستینەی خۆشەویستی:
هەموو بوونی خۆت، ببەخشیت بە خۆشەویست،
هیچت لە خۆت، بۆ خودی خۆت،
پێ نەمێنێت!
ڕاستینە: حەقیقەت
❋❋❋





هەموو کەسێک،
مەرگ دەچێژێت،
هەموو، تامی ژیان ناکەن!
❋❋❋

لەگەڵ زەمەندا،
ئازار دەبێتە غەم و
غەم دەبێتە بێدەنگی و
بێدەنگییش،
شتێکی زەبەلاحی پانوپۆڕ،
وەک زەریاکۆ تاریکەکان!
زەریاکۆ: ئۆقیانووس، زەریالووش، المحیط
❋❋❋

تەنیا ساتێک لە ناختدا،
هەست بە خوڕەی ئاوی زوڵاڵی زێ دەکەی،
کە ئارەزووەکانی ڕووحت بەجێ دێنیت!
❋❋❋

لە دەوروبەرت ڕامێنە!
چریسکەی ڕووحەکان بناسە و
هەر هاوەدەمی کەسانێک بە،
کە پەلکێشی نێو ماڵی ڕۆشناییت دەکەن.

***

شەریعەتێک،
کە شتێک بە مرۆڤەکان نەبەخشێت، ناڕەسەنە!

***

وەک ئەوەی هەیت، خۆت بنوێنە و
چۆنیش دەنوێنی، وەها بە!

***

ئەگەر مەرجانت گەرەکە،
شۆڕبەوە قووڵاییی زەریا!
لە کەناردا، جگە لە کەفی شەپۆلان،
هیچی دیکەت، دەست ناکەوێت!

***





با باڵای پەیڤانت بڵند بن،
نەک دەنگت...
ئەوە بارانە کە گوڵان دەپشکوێنێت،
نەک چەخماخە!

***

ئاوێنەیەک بوو حەقیقەت،
لە دەستی خودا، بەربووەوە،
وردوخاش بوو...
هەر کەس هات و
پارچەیەکی هەڵگرتەوە و
پێی وەها بوو،
سەرپاکی ئەم حەقیقەتە،
لای خۆیەتی!

***

عاشقان، نە موسڵمانن نە فەلە.
ئایینی عیشق،
هەرچی مەزهەب بێت، نییەتی،
هەتاکوو تۆ، بڕوات پێی بێت، یاخود نەبێت!

***

جاهیل ئەگەر وا بنوێنێت،
کە لوتفێکی بۆ تۆ هەبێت،
ئەنجام، هەر بە چەقۆی جەهل،
زام لە دڵت، هەڵدەکەنێت!

***

لە زەریای عیشقدا،
هەر وەکوو خوێ توامەوە...
(کوفر، ئیمان، یەقین، گومان)،
هیچیان نەمان!
لە دڵمدا، ئەستێرەیەک تیشک دەهاوێ،
هەر حەوت چینەکەی ئاسمانی، تیا پەنهانە!

***





ئامادەیی ژن، پەنهانە،
تەنیا پیاوانی عاریف و کراوەن کە دەیانبینن!
جۆرێکی دی لە پیاوان هەن،
ئاژەڵێکی سندمکراو،
لە ناخیاندا خەوتووە!
بریا ئەوان، پێش هەر شتێک،
خۆیانیان بار دەهێناوە،
خۆزگە ئەوان، دەیانزانی، تەنیا
عیشق و لەیەکگەیشتن،
دەمانکەنەوە بە مرۆڤ،
نەوەک گڕ و کڵپەی شەهوەت!
ڕەنگە ژنیش:
ڕۆشنایی بێت لە نووری خوا،
خالقێک بێت، نەوەک مەخلووق!
ئەو هەر تەنیا، مێیینەی نەرمونۆڵ نەبێت،
کە ئێمە، وەهای دەبینین!

***

ڕۆشناییی چاو، تیشکی دڵە،
ڕووناکیی دڵیش، نووری خوا!
❊❊❊

خۆت لە زێی عیشق هەڵبژەنە،
جا با ڕووباری خوێنیش بێت!
❊❊❊

هەموو شتێک، ڕاڤە بکرێت، ڕوونتر دیارە،
بەڵام عیشق، ڕۆشنترە، چوون تەفسیر و ڕاڤەی نییە!
❊❊❊

هەڵوەدای هەر شتێک بیت، ئەویش منەت دەکا!
منەکردن: لێگەڕان، بەدواداچوون.
❊❊❊





ئیدی لە مەخلوقات ماندووم،
جوانیی خالقم گەرەکە.
من ساتێک لە ئەو دەڕوانم،
خۆم دەبینم،
لە خۆمیشدا، جوانییەکەی ئەو!
❊❊❊

ماڵئاوایی،
تەنیا بۆ مرۆڤگەلێکە،
کە بە چاوان عاشق دەبن!
بەڵام ئەوی بە ڕووح و دڵ عاشق ببێ،
هەرگیز دابڕان نابینێ!
❊❊❊

ڕەنگە شتە سادەکان،
ناوازەترین بن،
بەڵام هەموو چاوێک، نایانبینێت!
❊❊❊

لە برینی خۆت مەترسێ!
ئەی لەکوێوە ڕووناکایی،
دزە بکاتە نێو ناخت؟

❊❊❊

گەر غار نەدەی، بەرەو ئاشووبی عیشق تۆ،
دەکەویتە سەر ڕێگایەک، زیندەوەرێکی لێ نەبێت!

❊❊❊

گوتم ئازیز،
تاسەباری دیداری تۆم.
گوتی:
تێچووی وەسڵ، ڕووحە!
کەچی دڵم، هەڵیدایێ و وتی:
بیکە!
چ ئاڵوگۆڕێکی باشە!

❊❊❊





شەوێک پێم گوت... بە عیشقم گوت:
بەڕاست، من چۆنت بناسم؟
گوتی: ژیانی ئەبەدی و تەمەنێکم، بێکۆتایی!

❊❊❊

ئەگەر دروست، تۆ ئینسانیت،
هەموو شتێک،
با لە گرەوی عیشقدا بێت،
ئەگەریش نا،
تۆ لە کۆڕی عاشقاندا،
شوێنت نییە!

❊❊❊

چاوەکان، وێنای تۆ ناکەن،
بمانبوورە!
ئاخر دییە،
تەنیا ڕواڵەت دەبینێ،
نەک ڕاستینە!

❊❊❊

خۆراکی عاشقانە... موزیک!

❊❊❊

بدرەوشێ تۆ،
وەکوو ئەوەی هەموو گەردوون،
موڵکی خۆت بێ!

❊❊❊

لە زەردیی ڕووخسارم مەڕوانە،
پێیەکم هەیە لە پۆلا!

❊❊❊

دڵی ئێوە،
لێوانڕێژ بێ لە ئەڤین و خۆشەویستی،
دەستانتان ئاوەڵا دەبن،
بۆ هەر کەسێک، بێنێ دەستی!

❊❊❊





خۆڕاگر بە!
دەستی خودایە، دەکارێ،
خەرمانی خەم، لە سینەتدا ڕابماڵێ.

❊❊❊

دڵنیام من،
ڕووحم زێدێکی دیی هەیە،
بێ لەم نیشتمانەی ئێستام،
تەمەننامە،
ئەوێ،
دوا هەواری من بێ!

❊❊❊

دەمەوبەیان،
پێشوازی لە جوانیی نەکەیت،
سەرتاپای ڕۆژ، جێت دەهێڵێ!

❊❊❊

لە عیشقدا، وەکوو خۆر بە!
وەکوو ڕووبار، لە هاوڕێی و هاودڵیدا...
لە داپۆشینی خەوشاندا، وەکوو شەو و
لە سادەییشدا، وەک خاک و
لە تووڕەییدا، مردوو بە!

❊❊❊

من عاشقی غەم و ژانم،
تا پادشای خۆم، شای بێهاوتام،
ئاسوودە بێت...
ڕۆندکانێک، لە دوو دیدەم،
بۆ ئەو دەڕژێن، مروارین و
خەڵکیش، پێی وایە، فرمێسکن!

❊❊❊





پێستم،
ئێسکم،
خوێنم،
ئەقڵ و ڕووحم،
پڕن لە تۆ!
لە بوونمدا،
شوێنێک نەماوە بۆ نزا و
پاڕانەوە،
بێجگە لە تۆ!

❊❊❊

بێمانا و سەرابە، تەمەنی بێ عیشق،
هەر عیشقە کە ئاوی زوڵاڵی ژیانە،
بە دڵ و بە ڕووحت، ئەم ئاوە بنۆشە!
کەسانی ناعاشق، خۆ ئەگەر پادشاش بن،
وەک ڕەوەماسییەک دەبینم،
کە ئاوی جێ هێشتووە و
پەژموردە و بێگیانە!

❊❊❊

خەمبار مەبە!
خودا، لە ناهومێدترین ساتەکاندا،
هیواکان دەژیێنێتەوە!
ڕێژنەی باران، لە تاریکترین هەورەوە، دەبارێت!

❊❊❊

هەر خۆشەویستیی بێ گەردە،
دڕندەی ناخت، ڕام دەکات،
جڵەوەکەی بۆ شل بکە!
ڕووحانی بە.
تۆ دلۆڤان و عاشق بە!

❊❊❊

ڕێگا، ڕەنگە بە ئاستانەی ماڵێک بگات،
بەڵام ڕێبازی عیشق، نا...
عیشق، ئاوە و نۆشی بکە!

❊❊❊





خودا، پەیژەی لەبەردەمماندا داناوە،
پلە پلە، لێی سەرکەوین.
ساتێ کە دوو قاچت هەبن،
بۆچ وەکوو شەل، خۆ دەنوێنی؟

❊❊❊

سەفەرێکە عیشق،
لە خۆتەوە دەست پێ دەکا و
هەر بە خۆتت دەگەیەنێ!

❊❊❊

جگە لە عیشق، هاوڕێ نییە!
ڕێبازێکە، بێ دەستپێک و بێ کۆتایی...
لەوێڕا، هاوڕێکە، بانگ دەکات:
کاتێک ژیان، لێوانلێوە لە مەترسی و نەهامەتی،
خەمی چیتە و تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

❊❊❊

خۆشەویستی و شەیداییەکەی،
سەفەریان کرد و دوور ڕۆیشتن..
ئیدی ئاگرەکە خامۆش و
جگە مشتێک لە خۆڵەمیش،
هیچی لەپاش خۆی، جێ نەهێشت!

❊❊❊

هەتا کەنگێ وەکوو تەپڵ،
دەمکوتیت و وام لێ دەکەی،
وەک کەمانچە، بۆت بناڵم؟
دەڵێ: وەرە، نزیکم بە،
تا وەکوو عودێک بتژەنم!
کەچی من وەها هەست دەکەم،
شمشاڵ بم لەسەر لێوانت،
تۆ پشتگوێت خستووە، بمژەنیت!

❊❊❊





من دەکارم، هەموو کەسێک جێ بهێڵم،
کەسێک نەبێ، کە لە خۆیدا، هەڵیگرتووم!

❊❊❊

دەخوازم بمرم، لەعیشقی تۆدا،
چوون توانەوەی گەواڵەهەورێک،
لە تیشکی خۆردا!

❊❊❊

تا دەفری هەبوو، ئاو پەیدا نەبوو،
کە ئاوی دەست کەوت، دەفرەکە شکا!

❊❊❊

نە دەتوانم بە تۆ بگەم، نە جێت بێڵم!

❊❊❊

من گوڵم چاند، کە بە بێ تۆ، دڕک سەوز بوو!

❊❊❊

هەموو وجوود، هەر لە ویساڵی ئەودایە!

❊❊❊

سەفەر مەکە و زۆر دوور مەڕۆ!
مانگەکەی تۆ،
هەر لێرەیە، لەبەردەمتا.
دەنگ هەڵمەبڕە!
ئەو وێردی سەر لێوەکانیشت دەژنەوێ.

❊❊❊

دەرسدادان، بۆ عاشقان کەڵکی نییە،
عیشق زێیە و هەرچی ئاوبەستی دنیایە،
ڕێڕەوەکەی پێ ناگۆڕدرێت!

❊❊❊





پرسیاری کرد: داخۆ چی بێت خۆشەویستی؟
بەرسڤێک هات:
تەنیا ئەوساتە دەیزانیت،
کە لە ئەودا دەتوێیتەوە!
فەلەک، ساتێ لە ئاسماندا دەورە دەکات،
تەنیا پێلی خۆشەویستییە، دەیئاژووێ.
ئەگەر ئەوینیش نەبایە،
بەستەڵەک بوو، وەکوو شەختە، کەون و ئەفلاک!

❊❊❊

گەڕان لەدوی خۆشەویستی، ئەرکت نییە!
بەڵکە لەنێو ناخی خۆتدا،
لەو دیوار و لەمپەرانە بپێچەوە،
کە خۆشەویستی لە ڕووحت، دەتارێنن!

❊❊❊

بۆ ژوانی خودا،
زۆروزەوەندن ڕێگاکان..
لەنێویاندا، من هەر ڕێبازی عیشقم گرت!
***

ڕەنگە خودا، ڕۆژێک دۆخگۆڕکێت پێ بکات.
ڕەنگە خودا، وات لێ بکات، هەم شعوور و
هەم دژەکەی، ئەزموون بکەیت،
هەتا ڕۆژێک،
نەک هەر باڵێک، دوو باڵیشت پێ ببەخشێ و
یەکسەر بۆ لای خۆی، باڵ بگریت!
***

ڕۆشناییەکەی دڵی ئێمە!
ئەرێ هیوای هیواکانمان!
ژیانی ئێمە نەزرتە و
بۆ خاتری خوا،
ئیدی با بەس بێ دابڕان!
***





بەڕێوەیە...
خۆر و مانگم،
زیوینبەدەن، زێڕینپێستم،
من کە لە دووریی مردبووم،
سەرم مەست و
پڕ شەپۆلان، ناخم، ئەمڕۆ!
کە بە لەنجەی دڵڕفێنی،
ئەوڕۆکە دێت،
ڕووحم چەپکێ گوڵەباخ و
لەسەر ڕێیدا،
پەرش و
بەرپێی،
باخچە و گوڵستانە، ئەمڕۆ!
***
بە فەرمانی خۆرەکەی تۆ،
وەک گەردیلان سەما دەکەین!
هەموو بەیانێک، خۆرئاسا،
لە خۆرهەڵاتی عیشقەوە،
گزنگ دەدەین!
ئێمە لە زەوی و زەریادا،
هەر وەکوو خۆر، دادەگیرسێین!
***

که وەرزی گوڵان بەسەر چوو،
باخچە وێران،
ئیدی لەکوێ، لە بەرامەی گوڵ دەگەڕێی؟
لە بۆنی خۆشاوی مێوژ؟!

❊❊❊

تەمەنی گوڵ بڕایەوە،
باخچە مرد و
ئیدی نابیستیت هوزارێک،
ناڵەی عیشق، بچریکێنێ!

❊❊❊

کامڵبوونی عاریفەکان،
نە گەمژە و نە هەرزەگۆکان، درکی دەکەن!
وەلسەلام و قسەش کورتتر بێ، خاسترە.

❊❊❊





گڕی عیشق،
لە دەروونی نەی هەڵگیرسا.
کوڵی عیشق،
شەرابی کووپەی پێگەیاند.
نەی هاودەردی هەر کەسێکە،
کە لە مەعشووق دابڕاوە.
هەر ناڵەی نەی،
پەردەی نێوان ئێمە و مەعشووق، ڕادەماڵێ!
کێ وەکوو نەی، ژار و تریاکی چێشتووە؟
ئەرێ کەسێک، تاسەبارێکی هاوشێوەی، "نەی" دیتووە؟
لە زایەڵەی ناڵەی "نەی"دا،
ڕێگاوبانە بەخوێن سوورەکان دەبینین!
نەی، چیرۆکی عیشقی مەجنوونمان پێ دەڵێ..

❊❊❊

لە ڕەگەزی خۆم، کەسێک دەخوازم،
ببێتە قیبلە و هانای بۆ بەرم،
ئیتر بێزارم، بێزارم لە خۆم!

❊❊❊

لە دووریی تۆ،
فرمێسک لە چاوانم دەڕژێ و
لە قووڵاییی ڕووحیشەوە،
ئاه و ناڵە!
❊❊❊

کەی شەوان بە مانگی ڕووخسارت، تاریکن؟
ڕۆژەکان بە بێ تۆ، سەرپاکیان شەوگارن!
❊❊❊

ئەم عەردە، خاک نییە،
تەشتێکە لە خوێن و
هەر خوێنی عاشقە و
ناسۆری برینی مردنی هێژاکان!
❊❊❊

هەر کەس پۆشاکی بە عیشق دڕا،
لە گشت تەماع و خەوشێک دابڕا!
❊❊❊





عیشق؛ جەستە و ڕووح، دەکاتە گەوهەر،
گوناهەکانمان لێ دادەماڵێ،
دەبێتە کەشتیی فریادڕەسی ڕووح.
عیشق، گلێکی پرژاوی سەر ڕێ،
دەستی گۆزەگەر، کۆی دەکاتەوە و
گۆزەی ساز دەکات!
❊❊❊

هەر خۆشەویستی،
تاڵ، شیرین دەکا و
مس دەکاتە زێڕ!
❊❊❊

خۆشەویستی، وات لێ دەکا،
بە ڕووح قوربانی مەعشووق بیت،
وەک پەروانەی دەوری چرا،
بسووتێیت و
ئێمەش، هەموو، بە نووری
ڕووخساری ڕۆشن،
کەمەندکێش بین!
❊❊❊

هەموو گەردیلانی گەردوون،
هەر عاشقن..
هەموو پارچەکانی دنیا،
شەیدای ژوان و پێکگەیشتنن!
❊❊❊

لە هەر کوێیەک، مۆمی "بەڵێ" داگیرسێنیت،
سەدان هەزار، ڕووحی عاشق دەسووتێنیت.
عاشقانێک کە دەگەنە مەنزڵی عیشق،
پەروانەن و شەمیش، هەر ڕووخساری مەعشووق!
❊❊❊

ڕووخسار: ئاگر
شەراب: ئاگر
عیشق: ئاگر
هەر سێ: مەعشووقن و
نەفسیش، لەنێو بڵێسەی ئاگردا،
هاوار دەکات:
لەکوێیە دەرەی دەربازبوون؟
❊❊❊





تۆ.. کە ئاسمان و زەوین،
ئاوەز و ڕووح،
بۆ دابڕانت دەگرییێن،
دڵیش لە جودایی تۆدا،
شەلاڵی خوێن!
❊❊❊

هەر کەسێکی، لە هاوزمانی خۆی دابڕا،
بێ زمانە،
جا با هەزار دەنگی جۆراوجۆری هەبێت!
❊❊❊

کەنگێ عیشقن، عیشقی ڕووخسار و ڕواڵەت.
ئەو عیشقانە، چارەنووسیان شوورەیییە!
❊❊❊

لە خوادا ناتویێتەوە،
کەسێک هێز و پێزی سەما،
پەی پێ نەبات!
❊❊❊

جوانییەک کە، لە خۆری ئەم وجوودەوە،
پەرش دەبێ،
وەکوو چریسکەی ئەستێران،
دیواران ڕۆشن دەکات و
ڕووناکیی خۆریش، لە توخمی جوانییەکانە.
گەر خۆر نەبا، دیواریش تاریکونووتەک،
بێ ڕۆشنایی!
❊❊❊

دەردی عاشق، بە هیچ دەردێکی دی ناچێت.
عیشق؛ ئامرازی فەلەکیی زانین، بینین و پێوانی
نهێنەکانی خودایە!
(ئەو ئامێرە کۆنە فەلەکییە، "ئوستورلاب"ە) (پشکۆ)
❊❊❊





لە زەریای نووردا، لە عیشق بگەڕێ!
بە بێ ئەم عیشقە، ڕزگاریت نایێ.
❊❊❊

هەر چی بۆ ڕاڤە و شەرح و تەفسیری عیشق،
من بێژم، هەر نارۆشنە،
بۆیێ وەختانێک،
دەچمە حوزووری،
شەرمم لێ دەتکێ.
ساتێک زمان، ڕێی پەیبردن بە حەقیقەت،
ڕۆشن دەکا،
عیشق، بێ زمان،
لە هەر شەرحێک، ڕەوانترە!
❊❊❊

ئەی مانگی من!
لەگەڵ تۆدا، چلۆن زەوین تاریک دایێ؟
❊❊❊

لە دووریی تۆ،
زەوین و ئاسمان دەگرییێن،
دڵم لە خوێندا شەڵاڵ و
ئەقڵ و ڕووحیش، دەناڵێنن!

❊❊❊

لێکتێگەیشتن، بە زمان نییە و بە ئیحساسە!

❊❊❊

لێیگەڕێ، ئاوەکە هێور بێت..
دەیبینی کە مانگ و ئەستێران،
لە تۆدا دەدرەوشێن!

❊❊❊

سەوداسەر و شەیدای نوورم،
لە هەر کوێ بێ.
من پەپوولەم،
گوڵی باخم لە هەر کوێ بێ..
من عاشقم، جوان و جوانی،
لە هەر کوێ بن!

❊❊❊





گەر سەرپاکی شەمی عالەم، خامۆش ببن،
تۆ مەترسێ..
ئاخر، ئێمە، ئەو پزیسکەین،
بڵێسەی ئاگر، ساز دەکەین!

❊❊❊

وای دڵی من!
هاونشینی هیچ کەس مەبە،
جگە لەوانەی لێت دەگەن،
حەقیقەتی تۆ ناس دەکەن.
دڵ!
لە هیچ کوێ دانەنیشیت،
لە سێبەری درەختی گوڵگرتوو نەبێ!

❊❊❊

لێوەکانم لێک دەنێم و
بە سەد زمان، تۆ دەدوێنم!
پەیڤینی من، بێ لە خۆمان،
کەسێک نییە، لێی حاڵیی بێت!

❊❊❊

گوێ بۆ ناڵەی نەی ڕادێرە،
چ سۆزێکی پڕ ئازارە...
لەو ساتەوەی، لە نەیجەڵان دایانبڕیم،
تاسەی ئەسڵوفەسڵم دەکەم!
نەیجەڵان: قامیشەڵان

❊❊❊

موزیک، سەدای ترازانی دەرکە و پەنجەرەی بەهەشتە!

❊❊❊

ئەم دڵەی تۆ،
لە حەوت زەریاکە، مەزنتر!
حەیران مەبە و
لە قووڵاییی دڵی خۆتدا،
ئۆقرە بگرە!

❊❊❊

وەکوو بەفری تواوە بە!
تۆ بیبینە، چۆن خۆی بە خۆی دەشواتەوە!

❊❊❊





گوڵی عیشق، بۆ خۆی، لە خۆیدا دەپشکوێت...
عیشق نە جارێک دەبەخشرێ و
نە لە شوێنێک دەیبینییەوە!

❊❊❊

نە پێست و نە ئێسکت ماوە..
تەنیا هەر "فیکر"ت دەدرۆشێت!

❊❊❊

خۆشەویستی، مردوو، زیندوو دەکاتەوە و
پادشاش دەکاتە کۆیلە!

❊❊❊

لە تەفسیری عیشق، ئەقڵ،
کەرەبۆزی چەقیوی نێو قوڕ و چەڵپاو!
عیشق هەر خۆی، بە تەنیا خۆی،
پێمان دەڵێ؛ مانای، کاری، کردەی تەواو!

❊❊❊

ئەگەر تۆ عاشقی عیشقیت،
ئەگەر لەدوی عیشق وێڵیت،
خەنجەری دەبان هەڵبگرە،
گەردنی شەرمی پێ ببڕە!
***

شەوی ژوانی ئەستێرانە،
هەر ئەمشەویش، شەوی پەرتبوون و
داڕژان!
ئاخر فەلەک، ئامێزی خۆی،
بۆ پێشوازیی مانگی چاردە،
واڵا کردووە!
***

لە گۆمی لیخندا،
نە مانگ و نە ئاسمان دەبینیت!
کە فەزا تاریک بوو،
مانگ و خۆر، ون دەبن!
***





وای لە ڕووحم، چ غەریب و
ناوازەیە لە عالەمدا،
هەر تامەزرۆی شاری ناشوێنە، ئەم ڕووحە!
ئەفسووس...
نەفسە بوهەیمییە ئاژەڵییەکان،
بۆچ لەوەڕگە و لێڕەواران، جێ ناهێڵن؟
***

(مەولانا، لە پێشوازیی شەمسی تەبرێزیدا)
ئاوپرژێن کەن ڕێگاوبانان،
مژدە بێ بۆ باخچە و باخان،
بەرامەی بەهار، ئەوا هات،
هات و ئەو هات...
مانگی ئێمە،
ڕووحی ئێمە،
خۆشەویستەکەی ئێمە هات..
ڕێگا چۆڵ کەن!
ڕێک ڕاوەستن!
کەمێک بڵاو،
وەلا کەون!
نوورڕووخسارێک،
گرڕووخسارێکی درەوشاو،
وا گەیشت و

لە دەنگی پێی،
زەوینیش زیندوو بوویەوە.

❊❊❊

تینووەکان، لە ناخەوە لوول دەبن و
لە جوانیی شاگوڵ دەگەڕێن،
گوڵیش بۆ جێژوانی ئەوان،
هەڵوەدایە و دەناڵێنێ!

❊❊❊

ئەگەر عاشقێکت بینی،
دڵنیا بە کە مەعشووقە!
تینووانێک، لەم دنیایە،
هەر بە شوێنی ئاودا وێڵن،
بەڵام ئاویش،
هەر عاشق وسەوداسەری تینووەکان!

❊❊❊





لە تەهی ئاسمانەوە،
لە سەحەردا،
سەفەری کرد مانگەکەی من،
لە خوارێ را، نیگای کردین...
وەکوو بازێک چۆن چنگاڵی
لە نێچیری خۆی گیر دەکات،
هەروا مانگیش، ڕاوی کردم،
بەرەو ئاسمانی هەڵکێشام!

❊❊❊

دڵنیا بە و پشت بە تیشکی درەوشاوەی
نێو دڵەکەی خۆت ببەستە.
گرفنچکی ئەم نهێنە ئاڵۆزکاوە،
بە قسەی بێمانا و بەتاڵ، ناکرێتەوە!
کەی ڕووباری سەرهەڵگرتووی
چیا و گرد و پێدەشتەکان،
وەک ئاوی کارێزی باخچەت،
تینووێتیی ناخت، دەشکێنێ!

❊❊❊

کەشتیی تێکشکاوی ئێوە،
لەسەر ئەم ئاوە وەستاوە،
دەی ئاوەکە، جێ بهێڵن،
وەکوو ماسی،
ئەگەر چرکەساتێکیش بێ!
❊❊❊

عاشق ئەگەر تەنیاش دیار بێت، تەنیا نییە..
ئەو هاوەڵی مەعشووقێکی نەبینراوە!
❊❊❊

ئەسپی عیشق، زین کە و سوار بە،
لە کۆسپی ڕێگا مەترسێ..
نەک هەر خۆشڕەو ئەسپی ئەوین،
دەتفڕێنێ!
❊❊❊





هەر ئێستا و دەستبەجێ،
لە ڕێگەی عیشقدا،
گیان و ڕووح ببەخشن!
پاش مردن، دەروازەی دنیای نوێ،
واز دەبێ!
❊❊❊

بە بیورێک، دەرگای زیندانتان بشکێنن،
ئەوجا خۆتان،
هەم ئەمیر و هەم پادشان!
❊❊❊

وەک "مەنسوور"ن، عاشقانی ڕێی حەقیقەت،
خۆیان دەکەنە قوربانی.
بێ لە عاشق، کەسێک نییە،
هەر بەئەنقەست، خوێنی خۆی،
لە کاسە بکات!
❊❊❊

هەتا کەنگێ لەدوت وێڵ بم؟
لە گشت ماڵان،
لەودیو سەرپاکی دەروازان،
لێت بگەڕێم؟
هەتا کەنگێ تۆ لێم هەڵێی؟
ئاخر، کووچە و
کۆڵان و
گۆشە نەماون،
لەدوی هەواڵ و ناوی تۆ، نەمپشکنیبن!

❊❊❊

ڕۆژ و شەوان،
تۆ لە دڵی مندا دەژییێی،
هەر ساتێکیش،
غەریبی و تاسەی تۆ بکەم،
لە قووڵاییی دڵەکەی خۆم،
ڕادەمێنم!

❊❊❊





ئاوێنەکەی ئەبەدیی من!
لە دییەتدا،
وێنە و نیگاری ڕەسەنم، وێنا دەکەم.
من دواجار، بە خۆمم گوت:
"سەفەری نوورانیی عومرم،
لە چاوانییەوە دەست پێ کرد،
لەواندا خۆمم دیتەوە."
خەیاڵی بەرەواژی من، لە سۆماتەوە،
پێی گوتم:
" من بووم بە تۆ و تۆش هەر منیت،
ئیدی مەودا و جیاوازییەکان،
لەنێوانی من و تۆدا، بوون بە سفر!"

❊❊❊

ئەم ئاسمانە، "ئوستورلاب"ە،
حەقیقەتیش، تەنیا عیشق!
تۆ، بۆ ئەوەی لێی حاڵیی بیت،
گوێی لێ بگرە!

❊❊❊

بەهاری خۆشحاڵیی ئێمە و
پەیامهێنی دەلال، هاتن!
ئێمەش، مەستی خۆشەویستی و
ساتێک هەدادانمان نییە!

***

شوێنپێکانتی هەڵگرتبوو،
گوڵ، کە باخچەی بینییەوە!
دڕکیش لە پێشوازیی تۆدا،
چەندی بڵێی، نەرمونیان!

***

خونچە، بێدەنگ و پێچراوە،
نیانیی تۆ، ڕەهای کرد و
بە گەورەییت، گوڵ پشکووت و
لە گەوهەردا، نوقمی کردیت!

***





تۆوی بێگیان، ژیانی تێ گەڕایەوە،
ئەو نهێنەی کە زەوین لێی حەشار دابووین،
ئاشکرا بوو!

***

پاشای بەهار، سەربازەکانی ئامادە و
چەکوچۆڵەی پەیداکردن..
گوڵی یاسەمین، قەڵغان و
سەوزەگیاش، "زوولفەقار" بەدەست!

***

ژێی کەوانت، خاو مەکەوە،
من تیرە چوارسەرەکەی تۆم!
ڕووخسارتم لێ وەرمەگێڕە،
خۆ من، خاوەنی یەک دڵم،
نەوەک دووان!

***

وەشاندنی شمشێری تیژ،
کاری تۆیە،
منیش بە دڵ و
بە ڕووحم، ڕەزامەندم!
(ئەگەر وا بێ و گەر وا نەبێ)،
پەیڤی پیاوی وەک من، نییە.
من مانەندی حوکمی "قەزا"،
خاوەن یەک وادە و گوفتارم!
❊❊❊

پادشای من!
تاج و تەختت،
وەکوو کڵاوە قووچەکەم،
لەسەر سەری من چێ بکە!
مینا سەڵتە، لە سینگتم، شەتەک بدە!
❊❊❊





ئێمە؛ چڵکنوپڵکن و
کاڵامان، شندڕوندڕ و
کەوتەی نێو گۆشەی مەیخانە!
ئەگەر هاوکۆڕی ئێمەیت، تۆ،
دە فەرموو، بینی پێوە نێ!
❊❊❊

شکا پەیمانەم،
ڕژا شەرابم،
کەچی هەر مەستم!
دەبا "شەمس" بێ و
حاڵی وێرانم، ساز بکاتەوە..
ئەو کە ئەمیری تیشکدانەوەی
"زات"ی خودایی و چرای
عالەمی کەشف و کەرامات،
هەموو ڕووحەکان، هەر لە دوورەوە،
سوژدەی بۆ دەبەن!
❊❊❊

گەر لە تاریکیی کوفردا، نغرۆ ببن، عەرد و ئاسمان،
کە "شەمس" هەڵهات، بە تیشکی خۆی، شەپۆلی نوور،
پەخش دەکات!
لە سایەی ئەم تیشکە پاکەی، فریشتەی نووری لێ دەڕژێ،
هەر شەیتانێک، تویژاڵێکی بەر بکەوێ، دەبێتە حۆریی جینان!

❊❊❊

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە، تۆ پێی بڵێ:
لە جودایی و هیجرانی ئەو،
ڕۆژم ڕەش و
پرچم، کافوور!
ئەو سەرپاکی گوناهکاران،
لە زەریای دلۆڤانیدا،
نوقم دەکات، دەیانبەخشێت!

❊❊❊





موتریبەکەی عاشقان!
ناڵە لە "ژێ" هەڵسێنە،
گڕ بەردە لە هەموو کەس،
ئیماندار و بێئیمان!

❊❊❊

بە خاتری عاشقانە،
کە دەسووڕێ ئەم ئاسمانە!
هەر بۆ عیشقە،
ئەم فەلەکە، دەورانبارە!

❊❊❊

لە هەر دڵێک، ڕیتم و ئاوازی جودا دێ.
سەماکاران، لە زرینگەی پێیەکانیان ڕا دیارن،
موتریبانیش، وەکوو نهێنەکان، پەنهان!

❊❊❊

بۆ خاتری عاشق و دز،
ئەم شەوە، هێندە درێژە!
سا وەرە، شەوی داوێنتەڕ،
کاری هەر دوو لا، ببێژە!

***

لە مەیخانەی "مالیک"مدا،
دوێشەو ڕووحم، لە جامی دەستی ساقیدا..
پێم گوت: ڕووحم! ڕووحی ساقی!
پەیمانشکێنیم لێ مەکە و
لە ڕێی خوادا،
جامم پڕ کە!
بە خەندەی شەکربارەوە،
گوتی: هێژای دلۆڤانم،
تۆی گەورەی من،
تۆی ڕێزدارم.
من بە پەیمان، وەفادارم.
من بچووک و خزمەتکارم!
جامی هێنا، ماچی کرد و
لە دەستی نام!
جامێ لێوانلێو لە شەراب،
چ شەرابێک،
تیشکبار وەک گۆناکانی!





پەیمانەی پڕم ڕاکێشا،
لە سوژدەدا،
بادە لە کوورەی خۆیەوە،
گڕی لە گیان و ڕووح بەردا!
جام لە دوای جام،
ساقی تێی کرد،
من فڕم کرد..
مەی: زێڕی سوور،
بۆ کانی زێڕی بردمەوە!

***

مەستیی ئەمڕۆم،
بە خوماریی دوێنێم ناچێ!
ئەگەر بڕواشم پێ ناکەی،
ئەوە جامێک و بینۆشە!

***

نغرۆی مەستیم،
شەپۆلی مەی، ئەقڵی ڕفاند،
ئاوەز گوتی:
ماڵاوا! تۆ جارێکی تر،
لە دەرەوەی ماڵی مەستی،
نامبینییەوە!
ئەقڵ و فیکر،
مینا مەنجەڵی کوڵاوکوڵ،
شێت بوون و دنیایان جێ هێشت!

❊❊❊

شکاندی ئەم دڵە شێتەم،
قورساییی زنجیر و ڕۆیشت!
مشتومڕ و چەلەحانێ،
لەگەڵ ئەهلی مەستان مەکە،
بێ دەنگ، بڕۆ...
دەی تۆ بڕۆ!

❊❊❊





لە چریسکەی نوور بڕوانە!
هەر دوو گوێچکەت،
بەرەو ئاسمان، واڵا بکە..
تۆ ئەڵێم، تۆ، کە چاوانت بوونەتە گوێ!

❊❊❊

ساتێ ویساڵ،
خۆی بۆ "مەنسوور" ئاشکرا کرد،
ئیدی سێدارەش حەقی بوو،
بیباتە نێو سەرچاوەی دڵ!

❊❊❊

زۆروزەوەندن دڵانێک،
عیشق کەمەندکێشیان دەکا و
پەسێوێکیان پێ نابەخشێ!
ئەوان لە ئەنوا دەگەڕێن...

❊❊❊

چ درۆیە، کە پێت دەڵێن:
(هەرگیز لە پێناوی عیشقدا، خۆت نەکوژیت،
ئاخر، پاشی فەنای جەستە
ئیدی "مانەوە" نامێنێت!)
هەر درۆیە، کە دەبێژن:
(ڕووحی پاکیش، هەرگیز لەسەر باڵی عیشق،
نافڕێت و ئاشییانی تەنگەلانی ئەم زەوینە،
بۆ فەزای بەرین و ئازاد، جێ ناهێڵێت!)
تۆ بێ دەنگ بە و پەیڤینت وە لاوە بنێ!
چ درۆیە، کەسێک بێت و بە تۆ بڵێ:
بێ پیت و دەنگ، هەرگیز هەپەیڤین، ساز نابێت!

***

ئەمجار لە عیشقا خنکاوم،
لە شیفا، هیوابراوم،
دڵم لە نەفسم هەڵکێشا،
لە پێناوی شتێکی تر،
ئەقڵ و دڵ و فیکرم، هەر سێ،
لە ڕەگەوە، گڕ تێ بەردا!

***





دوێنێ، خۆشەویستەکەی خۆم،
تاجی زێڕینی لە سەر نام!
هەر چی بکەیت و بکۆشیت،
لە سەرم، بەرنابێتەوە!

***

زارم مەگرە!
بۆ وڕێنە و زۆربلێییم، گوێ ڕادێرە!
لە دوو "میم"ی "من" و "ئێمە"،
سەرسوڕماوم!
ئەرێ یاران،
من لە کامە "میم"دا ماوم؟

***

ئەگەر سەرحاڵ بیت، خۆشحاڵم،
زویریش بیت، من دەناڵم.
ئاخر، گشت چرکەیەک، دڵم،
بە خەیاڵت نیگەرانە،
گوڵی گوڵم!

***

ئەگەر تۆ تاڵیی ببەخشیت،
منیش مینا کەکرە تاڵم.
دلۆڤانیی دابەشێنیت،
منیش سەرتاپا، نیانم!
بەختەوەریی لەگەڵ تۆیە،
ئەی ئەزیزی لێو شەکربار،
وەی کەویاری گەردن لەبار!

❊❊❊

لە دەستمدا، دڕکوداڵە،
گەر بە بێ تۆ، گوڵێک بچنم!
یاسەمین و سوورگوڵاڵە،
لەگەڵ تۆدا، هەمووبوونم،
گەر سەرتاپاشم، دڕک بێت!

❊❊❊





لە پۆشاکی ویساڵتدا،
ڕیشاڵێک و
لە گوڵستانی جوانییتدا،
چەپکێ گیاوگۆڕم، ئەزیزم!
گیاوگۆڕ: گیاوگۆڵ، لە بندیالێکتی هەولێرییان، بە مانای گژوگیا و سەوزە دێت.

❊❊❊

ڕووحەکەی من!
لە ئاسماندا،
خۆر هاوڕێی مانگ،
تۆش لە کۆڕی غەریباندا،
تەنیام ناکەیت...
من دڵنیام!

❊❊❊

وەک ماسییەک،
لەسەر ئەملا و لەسەر ئەولای،
چۆن لە تاوەدا، دەبرژێت،
منیش ساتێک،
گوناهبار یان تۆبەکارم،
وەها گڕم تێ بەردەبێت!
❊❊❊

ئەگەر گەمژە و دەمچەفتیش بم،
موریدی تۆم،
تا لە لێوی خەندەبارت،
خەندەیەک هەڵبگرمەوە!
❊❊❊





وەکوو تاوڵێکی یەکپێ،
لەبەردەمتا هەڵدراوم!
ئەزیزی من..
پەلم بگرە و
بەڵکوو لەسای دەواری تۆ،
دابساکێم!
تۆ لێوی جام،
لەسەر لێوی وشکم دانێ و
جا بزانە،
لە زارمەوە،
سەدای چ سیحرێک دەژنەویت!
❊❊❊

وەک مانگ،
شەوان،
هەتا سەحەر،
نوور دەڕژێنی..
من ئەستێرەم،
ڕەدووی مانگی تۆ کەوتووم!
❊❊❊

سەفەرم کرد.
شاران گەڕام و
نەمدی کەس،
وەک تۆ جوان و دلۆڤان بێت،
هەر تۆیت و بەس!

❊❊❊

لە سەفەر و
لە تاراوگە و
لە غوربەتیش گەڕامەوە،
جارێکی تر، بە خۆشبەختیی
ویساڵی تۆ،
شاد بوومەوە!

❊❊❊

لەو ڕۆژەوەی،
لە باخی ڕوخسارت دوورم،
نە ڕووی گوڵێکم بینیوە،
نە میوەیەکم چنیوە!

❊❊❊





لە نێوەندی کۆڕی تۆدا،
وەک جامی مەی، دەوران دەکەم.
لە گۆڕەپانی جەنگیشدا،
نێزەئاسا، لە پێشتەوەم.

❊❊❊

وەک خۆر و مانگ،
هەم نزیکین و هەم دوورین.
وەکوو کینە و خۆشەویستی،
هەم پەنهان و هەم دیارین!

❊❊❊

ئەوێنێک، گەر تەنیا شەیداییی جەستە بێت،
عیشقێکە، نارەسەن!

❊❊❊

ئاگر کە دەگاتە کڵپە،
دووکەڵێکی لێ نابینیت!

❊❊❊

دڵ، گەوهەر و پەیڤیش ڕووخسار،
پەیڤ، ڕەوتەنی و دڵ  ئامانجدار!

❊❊❊

گەر عاشق بیت،
مەحاڵە، تۆ ڕەشبین ببیت.
دڵیش شەیدای هەر شتێکە کە دەیبینێت!

❊❊❊

لێرە؛
جامی شەراب نییە،
کەچی شەرابێک دەگەڕێ،
دووکەڵ نییە و تەنیا گڕە.
گوێ بۆ دەنگە پەنگاوتەکان ڕابدێرن،
ئەو دەنگانەی لە ئاوازی "نەی" هەڵدەڕژێن!

❊❊❊

لێکتێگەیشتن، بە زمان نییە و بە ئیحساسە!

❊❊❊



دەروازەی عیشقی مەولانا

ساتێ کە ڕووحکێشم تۆ بیت،
مەرگ لە هەنگوین شیرینترە!
کە بڕیار بێ، بۆ کن تۆ بێم،
مردن لە ڕووح، ئازیزترە!

❊❊❊

من پۆشاکی جەستەم لادا،
ئەویش باڵاپۆشی خەیاڵ!
من لە خۆشیی ئەم "لیقا"یە،
هەموو گیانم، لە لەرز، شەڵاڵ!

❊❊❊

پاش مردنمان، لەنێو خاکدا و
لە گڵکۆدا، هەرگیز لە ئێمە مەگەڕێ!
تۆ لە دڵی عاشقاندا، دەمبینییەوە!

❊❊❊

ئاسمان شین و
زەوین، کوێرێک،
هەڵترووشکاو لەسەر ڕێیەک!
کەسێک کە لە مانگەکەی تۆ،
ڕابمێنێت،
نابینا و شین؛
زەوی و ئاسمان،
جێ دەهێڵێت!

❊❊❊

تۆ خۆت شەم و
هەر خۆت جوانیی و
خۆیشت بادە!
تۆ بەهاریت،
لە نێوەندی بەفرانباردا!

❊❊❊





چ مەیگێڕێکی مەزنیت،
کە چاوانی خوماری تۆ،
پەیمانەی شەرابی عیشق و
بە بێ جام، بادە دەگێڕیت!

❊❊❊

کە ئەو "خۆر" بێت،
من گەردیلەم.
ئەو زەریا بێت،
من تنۆکێکی وردیلەم!
تیشکی گەردیلە لە خۆر و
ژیانی تنۆک، لە زەریا!

❊❊❊

بە نادیاری، هەر وەکوو ڕووح،
بەنێو ڕووحی مندا دەڕۆی.
تۆ ئەی ڕەونەقی باخەکەم!
ڕووحی ڕووحم،
گەر هەر دەڕۆی،
بێ من مەڕۆ!
تۆ، جێی مەهێڵە جەستەکەم،
بزر مەبە لەبەر دیدەم،
ئاگرە هەڵایساوەکەم!
چاوانی پڕ خۆشەویستیت،
کە لە ڕووحی حەپەساوم، نیگا دەکەن،
من حەوت چینەکەی ئاسمان و
حەوت زەریاکە، دەبەزێنم!
کە هاتیتە نێو سینەی من،
کفر و ئیمان: کۆیلەی من.
دیداری تۆ: دینەکەی من.
ڕوخساری تۆ: ئیمانی من!
بێ لاق و بێ سەرت کردم،
بێ خۆراک و خەوت کردم،
دە پێم بگە،
دەم بە خەندە و دیدە خومار،
یوسفەکەی کەنعانی من!

❊❊❊





لە مەستیدا،
جامی بادەکەی تۆم شکاند،
جێم مەهێڵە،
خودای جوانم!
من مەستم و
با لە دەستت بەرنەبمەوە،
نەکەومە نێو چاڵی فەوتان

❊❊❊

حاڵی عاشق، لە سەرخۆشانیش شڕترە،
ئەو لە خێڵی مەیخۆرانە!
ئەگەر بڵێم عیشق چییە؟
بۆ کانەزێڕ، داخزانە!

❊❊❊

عیشق، فڕینە بۆ ئاسمان،
دڕاندنی سەد پەردەیە،
لە هەر لە حزەیەک لە زەمان!

❊❊❊

تۆ عاشقیت،
دەی چاوەکانت هەڵبێنە،
نیگات بگرە
لە چوار جۆگا؛
جۆباری ئاو،
جۆگەی بادە،
جۆگەی شیر و
جۆگەی هەنگوین،
لە چواراندا،
خۆت ببینە!

***

"ئەبەد" دەستی "ئەزەل"ی گرت،
بەرەو تەلاری مانگەکەم.
مانگ بەدەم قاقاوە، گوتی:
بڕوا، لەم جووتە حەسوودە!

***





کە هەڵچوون و خرۆشانی زەریام بینی،
چ ڕاسان و شەپۆلانێک، لە ناخی ڕووحمدا، ڕاسان!

***

کە سەرتاپام، نوقمی گڕ و ژیلەمۆ بوو،
ئیدی زانیم، هەموو جەستەم، نغرۆی
ئاوی وەسڵی یارە!
پێم گوت: ئێستا، تا گەردنم، لە لوتفی تۆدا شەلاڵم!
ئەو ناڕازی و گوتی:
"سەر"ت لە جێی "پێ"یەکانت دانێ،
خۆت بهاوێ قووڵاییی عیشق،
ئەمجارەیان، مل و گەردن، دادت نادەن!
گوتم: سەرم، ئەزیزی من: کەوشەکانت!
گوتی: نابێ!
تۆ لەو دڕکە کەمنرختری،
لە چاوەڕوانیی گوڵێکدا،
کە نۆ مانگان، هەتا گەردن،
لە زەویندا، داپۆشرا بوو،
چاوەڕوان ما!
گوتم: دەبێ دڕک چی بێت؟
من گوڵێکم،
لە حەسرەتی باخچەی تۆدا،
تا گەردن، شەلاڵی خوێنم!

***

وای خودای من!
ئەوە منم لەدوت وێڵم؟
دەتبینمەوە؟
یاوەکو تۆیت، لێم دەگەڕێیت؟
کە من هەبم؛
من کەسێک و
کە تۆ نەبم،
چ عەیب و عارێکە بۆ من!
❊❊❊

ئامێززیوین!
بۆ پێت وایە، کە من زێڕ نیم؟
لێویاقووتیی!
من گەوهەر نیم؟
خۆ من دەمویست،
ناخی ئاڵتوونییم بنوێنم،
جا با هەرگیز، لە کانی زێڕیش نەبووبم!
❊❊❊

لە گزنگدا، بە مانگم گوت:
ئەمن جەستە و ئەتۆش، هەر ڕووح!
دەگرییێم، هەر وەک دەمبینی...
خۆیشت دەیزانی دەردەکەم!
❊❊❊





وای دڵەکەم!
لەوساتەوەی خەزنەی نهێنت ناسیوە،
لێت ڕوانیوە،
نە کەڵکی کارێکت ماوە و
نە کەسێکی دیکەت دیوە!
❊❊❊

کە تۆ ماڵاوسێی مەیخانەیت،
لە بۆنی بادەکەی، مەستیت!
ئیدی دەبێ لە ماڵ هەستیت،
بە بەرامەی شەرابەوە،
بە شنەی لەنجەولارەوە،
لای مەیخۆران، کۆڕ ببەستیت!
❊❊❊

ڕووحەکەی خۆم!
لە قەفەزی تەنگەبەرەوە هەڵفڕیت،
زیندانی جەردەت بەزاند و
تەپوتۆزت لە ڕوخساری نەینۆک سڕی..
لە چاوانی ئاوێنەدا،
هەر ئەوەت بینی، کە بینیت!
❊❊❊

تۆ لە پێناوی ئێمەدا،
ژەهری ماریشت نۆشیوە!
هەر ئێستاکە و سات ناساتێک،
قومێک لەو بادەیە فڕ کە،
کە لە ژیان شیرینترە!
❊❊❊





تۆ بە جەستە، تەوق کراویت،
هەر وەکوو نەی،
کەچی ڕووحت،
ڕەشەبایە و داناساکێت!
❊❊❊

لە دەنگی دەف،
وەک ژێ و دەزووم لێ هاتووە.
ڕیتم و ئاواز دەبیستم و
ژێ، نادیار!
❊❊❊

ماسییەکان،
لەسەر ئەم وشکەزەوینە،
دوورەدەست و مەنفاکراو.
لە کوێی، ئاوی زەریای ژیان؟
❊❊❊

هەزاران ڕووح، وەک ڕووحی من،
هەزارانیش چاکتر لە من،
قوربانی ڕووحەکەی تۆ بن.
تۆ کە ڕووحی ڕووحی ڕووحیت!

❊❊❊

بادەی عیشق،
بۆ هەمیشە و هەتا ئەبەد،
هەر قوڵپەقوڵپ و
خوڕەی دێ،
بادەی دونیاش،
تەنیا ساتێک!

❊❊❊





ڕوخساری سووری ئەرخەوانیی ئەو،
هێندەی سەت کووپە شەرابی خوێنڕەنگ،
ئێمەی پێ مەست و ئەقڵیش دەکا بەنگ!

❊❊❊

جارێکی دی، وەسفی لێوانی دەنووسم،
بیخوێنییەوە، ئاگر لە زارت بەر دەبێ!

❊❊❊

تۆ بە ئەقڵ و ڕووح و ناخت،
ڕووحی هەموو ڕووحەکانیت،
بە ڕوخساریشت، "خۆر"ی خۆر!

❊❊❊

تۆ مەسیحیت؛
دڵمان دەبەیت،
گشت عاشقان، شەیدا دەکەیت..
تۆ شیهابیت،
گڕ لە شەیتانیش بەر دەدەیت!

❊❊❊

ئەی "با"ی سەبا،
ئەگەر چی تۆ، ئازاربەخشی تینووانی،
کەچی خەندە، لەسەر ڕوخساری باخچەکان،
دەنەخشێنی!

❊❊❊

کورتتەمەنە خەندەی لێوت،
وەک چەخماخە،
کە تۆ زیندانیی سێبەر و
تاریکاییی هەورەکانیت!

❊❊❊

یاقووتێکی دڵرفێنیت،
بەڵام دیلی دڵی "کان"یت.
باڵاپۆشییت مانع نییە،
هەر ترۆپکی جوانەکانیت.

❊❊❊





ڕووپۆش لا دە و دەرگەش داخە!
ئێمە لێرەین،
تۆ لەگەڵ من، ماڵێکی چۆڵ.
من ئەوڕۆکە، هاوڕێی گڕگرتووی عیشقم و
جامی "لا ئوبالی"م لە دەست!
من لە "مەی"دا،
فەنا و توانەوەم مەبەست!
دەسا موتریب، تۆ و مەقامێ،
ئادەی نەیژەن، ناڵەی زامێ!
ساقیی ڕووگەش، مەی بگێڕە،
هەتا بە دڵ، بیخۆینەوە،
لە سای لوتفی ئەبەدیی ئەو،
دڵئاسوودە، بچینە خەو!
گەر لە "مەی"دا، تۆ "فەنا" بیت،
لە ترۆپکی شێوەکانی "بوون"دا دەبیت،
لە سای گەورەییی "سقاهم!"،
دوور لە مەرگ و فەنا دەبیت!

❊❊❊

دڵەکەی من!
تۆ بۆ وەهایت؟
تا کەی هۆگری ئەوینیت؟
دڵیش دەڵێ:
جا بۆ نایێی، تامی ئەم عیشقە، بچێژیت؟
خۆ تۆ ئەگەر، ئاوی ژیانیشت هەبێ،
چ کەڵک؟
ئەگەر، ئاگری عیشق، کڵپەی نەبێ!
تۆ لە لوتفا، شنەی "با"یت و
وەک پەیمانە،
پڕاوپڕیت لە نەشئەی مەی!
❋❋❋





باڵندەی دڵ!
بێ لە فەزای "لە نەفسی خۆت تەوەلابوون"،
لە هیچ شوێنێک، باڵ لێک مەدە!
مۆمەکەی ڕووح!
بێ لە تەلاری "لەخۆچوون"،
لە هیچ کۆشکێک، تۆ مەدرەوشێ!
ڕەنگە خۆری لوتفەکەی حەق،
هەتا ئەبەد،
بەسەر عاشقاندا، هەڵبێ،
هەتا ساتێ، عاشق، لەژێر
باڵی باڵندەی "نەفسنێژ"،
فەنا دەبێ!
❋❋❋

گەر پێت خۆش بوو،
شەمسی تەبریز،
لە ماڵی خۆت،
میوانت بێت،
ماڵت لە "نەفس"ت بەتاڵ کە،
ئەی ڕێبەری لە "نەفسچوون"!
❋❋❋

ئەی ڕووحەکەی سەتان باخچە!
تۆ لە یاسەمین، پەنهان بوویت.
ئەی ڕووحی ڕووحەکەی ڕووحم!
لە چاوانم، بۆچ بزر بوویت؟
خۆ ئاسمانیش،
هەر لە تۆوە، دەر دەکەوێت،
دەبێ چی بێت،
لەمپەرەکەی تیشک و تاوت؟
بە بێ تۆ، جەستە مردووە،
ئەرێ چۆنە،
وەها جەستەت جێ هێشتووە؟
ئەی مۆمی نۆ ئاسمانەکە،
نۆ ئاسمانت بەزاندووە!
چ نهێنە، شەمعدانت، چۆڵ کردووە؟

❊❊❊

ساتێ بە شارەکەت گەیشتم،
لە کونجێکدا، خۆت شاردەوە،
کە شاری تۆشم بەجێ هێشت،
نیگایەکی ماڵاواییت، لێ نەگرتم!

❊❊❊





هەموو گوڵان، دیلی دەستی بەفرانبارن،
کەللەکان، گشت، دیلی بادە.
فریاڕەسی بێفریاڕەس!
خێڵی دیلانت لە چنگی
مەرگ و تیاچوون،
بەرهەڵدا کرد!

❊❊❊

بڕۆ ئەی دڵ،
بەرەو ئاسمان،
بەرو مەزرای خوای دلۆڤان!
کە زەمەنێک، لە لەوەڕگەی
مەڕوماڵات، لەوەڕیویت!

❊❊❊

تۆ بێ دەنگ بە!
با پاشای پەیڤان بپەیڤێت،
هەر ئەو،
دەرگا و
قوفڵ و
کلیلی ساز کردوون!

❊❊❊

وا مانگ هەڵهات،
خەرمانەی تیشکی پەخش کرد.
ئەگەر دڵ و چاو شک نابەیت،
لەلای کەسێک قەرزیان بکە!
❊❊❊

ڕۆژ و شەوان،
تیرێک لە کەوانی پەنهان،
هەڵدەفڕێت و
تۆ کە قەڵغانێک شک نابەیت،
ڕووحت بەو تیرە بسپێرە!
یان پێم بڵێ، چییە چارە؟
❊❊❊

کە تۆ کووپەزێڕت نەبێ،
قاروون نەبیت،
دەبێ بۆچی نیگەران بیت؟
مەگەر "مس"ەکەی وجوودت،
وەکوو مووسا،
نەبوو بە زێڕ!
❊❊❊





بە بێ نیشان، دلۆڤانیت،
لە نادیارانیش، پەنهانیت.
کە تۆ دێیتە ناخە نادیارەکەی ئێمە،
پەنهانی من، تیشکبارە!
"سولەیمان"یت،
بە زمانی باڵندان دەدوێی..
ساتێ کە دێیتە سەر زمانمان،
چ شەهدێکە، تامی لێوان!
لە عالەمدا، هەر خۆت پاشایت،
کەس کەوانی تۆ ناکێشێ،
ئەگەر بێیتە کەوانی من،
هەر وەکوو تیرێک، دەردەچم!
❊❊❊

شەمسی تەبریزی!
کیمیای حەق!
دەشێ تۆ شاییت بە خۆت بێ..
کە تۆ هاتییە "کان"ی ئێمە،
"مس"مان، دەبێ هەمووی زێڕ بێ.
❊❊❊

تۆ خەسڵەتی چرات هەیە،
بێیتە هەر ماڵێک،
شەوانە،
لە ڕۆشنایی چریسکەی تۆ،
دیوەخانیش، چراخانە!
❊❊❊

تۆ ئاسمانیت..
زەوینێک کە ڕۆژ و شەوان،
دەوران دەکات،
تۆ لە ئامێزت گرتووە.
ئاسمانەکە!
کە تۆ کانیی ڕووناکی بیت،
ئیدی چیت لێمان گەرەکە؟
❊❊❊

مەعشووقەکەم!
جامت هێنا،
سەری شووشەی بادەت بادا،
ئیدی من جۆرێک تخێڵ بووم،
پەسڵانیش، زیندوو نابمەوە!
❊❊❊





من مەستم و
تەنیا پیچەک هۆشم ماوە،
تۆ ئەم سەرە وێرانەمت،
لە ئامێزی خۆت داناوە!
پیچەک: کەمێک، تۆزێک، قیچەک.
❊❊❊

چ ڕێبەرێکی مەزنیت!
چاوەکانت کە خوماری بادەی عیشقن،
بێ جام، شەرابیان پێ نۆشیم!
❊❊❊

لەبەر ئەفسوونی چاوانت،
دییەی عاشق، هێندە گریا،
وشکایی نەما لە بەریا!
تۆ چ فیتنە و
چ ڕێگرێکی لەسەر ڕێی،
خێڵی زاهید!
❊❊❊

هەشت بەهەشتەکە،
عاشقی جوانیی ڕووتن،
دۆزەخ و گڕ،
لە بەردەمتا هەڵدەلەرزن.
چ پەرستگەئاگرێکیت!
دۆزەخ دەڵێ:
زوو تێپەڕە،
من بڕستم لێ بڕاوە...
تۆ بەهەشتی بەهەشتان و
جەهەنمی دۆزەخیشیت!

❊❊❊

چ شێتییە، گەر بە بێ تۆ،
لەنێو دەیری خەڵوەتدا بم.
تۆ خۆت، سەرچاوەی ژیانی
هەموو دەیر و مەعبەدێکیت!

❊❊❊



دەروازەی عیشقی مەولانا

کەیل و خەمبار، دڵی مەستان،
بەزم و ئاهەنگیش، هەر پەنهان.
تۆ، بڵێسەی ئاگری مەی،
لە حەیا و شەرم، بەربدە!

❊❊❊

وەکوو ڕووبار،
دوندی چیا جێ بهێڵە،
ڕووەو زەریا.
ئاخر جەستە، لەسەر لووتکە، داناساکێ!

❊❊❊

تۆ لە کۆڕی مەیخۆراندا،
چەندە ورد و جوان دەپەیڤیت!
وای کە جوانە، تیشکی گەوهەر،
لە مەیخانەدا، بدرەوشێت!

❊❊❊

چیم لێ هاتووە؟
تۆ پێم بڵێ،
چۆن بزانم، چی دەگوزەرێ؟
کە لێوانت، ئەم پەیڤانە،
وەک کاسەی شەراب، دەڕێژێ!

***

وای ناڵەی نەی!
ناڵەی نەی و جارێکی تریش ناڵەی نەی،
کە سەرپاکی هەموو دونیات هەژاندووە!

***

عاشقان هەر وەک شاری "ڕەی"،
تا لە چاوی بەد بەدوور بن،
ماڵەکانیان، لەژێر زەوین،
بینا دەکەن!

***





دڵم تارا و سەت پارچەشی لێ کەوتەوە،
ئەورۆکە، تۆ لێی بگەڕێی،
شیخاڵێکی نابینییەوە!

***

دوێنێ لەگەڵ خودی خۆتدا،
پەیمانت بەست و تۆبەت کرد.
ئەمڕۆ، عەهد و تۆبەت شکاند!
دوێنێ، زەریایەکی لێڵ بوویت،
ئەمڕۆش، گەوهەری تیشکبار!
دوێنێ، تۆ "بایەزید" بوویت و باڵات دەکرد،
ئەمڕۆکە، خومار و مەست و پاشای مەستان!
تۆ کاسەی مەستیی بنۆشە،
ڕووحەکەی من، گیانی گیانان!
ماڵی ئەقڵ جێ بهێڵە و
پۆشاکی شینیش مەپۆشە!
تۆ بە تەنیا،
بۆ پەرستنی بتی مەعشووق،
تێبکۆشە!
ئەورۆ، تۆ هاوجامی "شەمس" و
مەستی مەستییت.
تۆ نە خاتوونەمانگیت و

نە هاوسەری خاتوونی مانگ!
هەرگیز وەکوو هیچ شتێک نیت،
تۆ وەک ئەوەی خۆت دەتەوێت،
گشت شتێکیت!

***

ئەوی لە گڕدا دەسووتێت،
تۆ ڕێبازی ڕووەو ڕووبار،
نیشان دەدەیت!
ئەوی بەرەو زەریا دەڕوات،
بۆ نێو بڵێسەی ئاگری،
پەلکێش دەکەیت!

***





دوێنێ، من داوێنیم گرت و
گوتم: گەوهەرەکەی بەخشین،
ئەمشەو تۆ موڵکی منیت و
بە ماڵاوایی مەمکوژە!
ڕوخساری بە نوور درەوشا،
سوور وەکوو پشکۆ داگیرسا،
گوتی:
دە با ئیتر بەس بێ،
سواڵکردن و دەرکەکوتان!

****

بە هاوار و گرییە و زاری،
گوتم: تۆ سوپاسالاری!
تۆ ئەسڵی نوور، تیشکداری،
دەستی عاشقی خۆت بگرە!

***

کە فرمێسکی عەبدی بینی،
دەرکەوت خەندە و پێکەنینی.
لە لوتف و موحیبەتی ئەو،
لە خۆراوا و خۆرهەڵاتیش،
ژیان زایە سەرزەمینی!

***

تۆ هەر مووسایت،
گەر چی هێشتا شوانیش بیت.
تۆ یوسفیت،
ئەگەر گیرۆدەی بیریش بیت.

***

ئێوە کڕ بن!
بێ خۆراکی دەستی خودا،
بێ بادەی غەیب،
هەموو پەیڤ و نیگارەکان،
دوو سێ جامن، خاڵی و بەتاڵ!

***





لە مەیخانان،
کووپەی شەراب و ماناکان،
بۆ باڵندە تینووەکان،
ساز دەکەیت و
بۆنی بادەش،
بێ لە موسافیری ئاشنات،
بە ساقی و مەیخۆران ناگات!

***

چلۆن ماسی، بێ ئاو ناژیێ،
بێ زەریای تۆ،
ئێمەش هەناسەیەک نادەین!

***

وەکوو ناڵەی بولبول بۆ گوڵ،
نەی دەناڵێ..
تۆ ئەی شمشاڵی دڵی من،
ئاشنای گوڵانی بێ چقڵ!
برینداری مەکە، گەرووت!

***

گوتم بە نەی:
لە هەناسەی مەعشووقمدا،
تۆ هاوبەش و
ئەم نهێنەم،
لێ مەرِفێنە!
ئەویش گوتی:
بۆ تۆ، مەعریفە،
"فەنا"یە لە "هیلاک"دا!
گوتم: ئاخر،
نەجاتی من هەر "هیلاک" و
ئاگر هەڵکە،
هەموو شتێک و
مەعریفەش، بسووتێنە!

***

تۆ، عاشقان بە زمانی شیرین، دەکوژیت،
رووحی منیش، بەو شیرینییە فەنا کە،
گەر بکوژیت؟
مرۆڤکوشتن، بە لوتف و سۆز،
هەر شاکاری دەستی تۆیە!
تۆ بە نیگایەک، دەیکوژیت،
کەسێک، شەیدای نیگای تۆیە!

***





گشت بەیانێک،
چاوەڕوان و چاوەڕوانم...
تۆ ڕاهاتوویت، لەگەڵ گزنگدا،
بمکوژیت!
دڵڕەقیی تۆ،
لە کن ئێمە، چ شیرینە،
دەرکەی ڕەحمەت، کڵۆم مەدە!
تۆ،
کە لە ئاستانەی خۆتدا،
من دەکوژیت،
مەگەر کۆتاییی کار نییە؟

***

چریسکەی عیشقی حەقیقەت،
ئەقڵ و دڵی لێ زەوت کردم.
پێم بڵێ، بۆ کوێیان دەبا؟
بەرەو کام لا؟
گەییمە حوجرە و
نە مانگم بینی، نە ئاسمان..
ئێستا بە جیهانێک گەیشتووم،
دنیا و دنیا، لێک دابڕان!

***

تۆ کە ئاسمانی منیت و
من زەوینێک، سەرسوڕماوم.
چیت لە دڵمدا چاندووە،
کە هەمیشە باڵا دەکا؟

❊❊❊

من زەوینی لێوپەڵاس و
چاوەڕێی ئاوی کەرەمت..
بە بارانت،
زەوین،
بە گوڵجار دەخەملێ!

❊❊❊

بێئاگایە زەوین کە تۆ،
چیت لە دڵیدا چاندووە؛
زەوین بە تۆوە دووگیانە،
هەر تۆ دەزانیت، چیی پێیە!

❊❊❊





لە ڕووناکی و درەوشانت،
بەردەکان دەبن بە یاقووت!
ئەوی بۆ دیدارت وێڵ بێ،
هەر دەتگاتێ!

❊❊❊

وەرە و لە جێی ڕووحەکەی من، دابنیشە!
تۆ هاوکێشی هەزار ڕووحیت، وەک ڕووحی من.
تۆ مەعشووقیت،
با عاشق و ئەڤیندارانیش بکوژیت!

❊❊❊

لە کۆتادا، هەڵفڕیت و بەرەو
غەیبستان کۆچت کرد!
من حەیران و سەرسوڕماوم؛
کام ڕێگا بوو،
تۆی لەم دونیایە، قوتار کرد؟!

❊❊❊

ڕەشپێست نەبیت،
مەهێڵە نەینۆک لە دەستت بەربێتەوە!
ڕووحەکەت، ئاوێنەی تۆیە و
جەستەشت: ژەنگ!

❊❊❊

وەرە.. فیکر لە کن منە!
هەر منیشم سەرچاوەکەی.
ئەگەر کڕیاری یاقووتیت،
وەرە لە ماڵی من بیبە!

❊❊❊

ئەگەر مەعشووقێکت نییە،
چما لە دڵبەر ناگەڕێی؟
بینیتەوە؟
لە خۆشییا، هەڵناپەڕێی؟
هەڤاڵەکەت، کە هەڵناکات، لەگەڵ تۆدا،
ئەی تۆ بۆچی نابیتە ئەو؟
ئەگەر "سێتار" نایێ ناڵەی،
ئەی تۆ بۆچی فێری ناکەی؟

❊❊❊





تۆ خۆشەویستیت و دڵ نیت!
کەچی شێوەی دڵ وەردەگریت،
هەزاران دڵیش دەڕفێنیت!

❊❊❊

خۆت هەڵداوێ وەکوو شیهاب،
هەتا شەیتانیش، نابووت کەیت.
لە دەورانی فەلەک، دەرچیت،
دەبیتە جەمسەری ئاسمان!

❊❊❊

لە سەفەری پڕ سەرچڵیی حەزرەتی نوح،
تۆ کەشتیی بوویت، لە زەریادا.
لە سەرکەوتنی "مەسیح"دا،
تۆ پەیژەکەی بوویت بۆ ئاسمان!
تەبیبی ڕووح، هەندەک جاران،
وەک عیسایە و جاروباریش،
شوانێکە، وەکوو مووسای کوڕی عومران!

❊❊❊

که من ئەسیری عیشقی تۆم،
به "مەکر"ی خۆت، سوێندت دەدەم،
جێم مەهێڵە!
دەبا هۆگری یەکدی بین،
پێکەوە بین،
منی هەژار، تەنیا مەکە!
❊❊❊

دڵ دەسووتێ لە ئیرەیی،
چاوانیشم، "جەوەنە"کەی
پڕ ئاوی ئەو!
ئەوە چۆنە،
چاوانی تژیی  فرمێسک و
زەریاش هەر بە ئەژنۆی دەگات؟
❊❊❊

مانگ بە شکۆیی خۆیەوە،
تاجی سەری دادەکەوێت،
ساتەوەختێک،
سەر هەڵدەبڕێ و
لە سەروەرییت ڕادەمێنێت!
❊❊❊





دەناڵێ بولبول بەیانیان،
وەکوو ناڵەی دڵشکاوان،
دەناڵێ لەسەر ئاهەنگی،
گشت ئەوانەی بە باخی
سەوزی تۆ گەیشتن!
❊❊❊

لە چواردەوری زەوینی تۆ،
سەت ئەستێرە،
یەک لە دوای یەک،
دێن و دەڕۆن...
سەت مانگی پڕ،
کڕنووش بۆ هیلالت دەبەن!
❊❊❊

خۆری ئاسمان،
لە خۆرەکەی تۆی پرسیوە:
کەی دەتبینم؟
ـ ساتێ کە تۆ ئاوا دەبیت،
منیش هەڵییێم!
❊❊❊

ڕووحی ڕووحان!
هەر ساتێک لە ئاسمانەوە،
بانگێشت و فەرمانی ئێوە،
بێتە لامان،
ئێمەش هەر وەک شەو و ڕۆژان،
بە بێ لاقان،
دەبینە ڕێبواری هیجران!

❊❊❊

گەر هەموو دنیا موڵکت بێ و
منت نەبێ،
دڵنیا بە کە بێموڵکیت!
هیچت نەبێ و منت هەبێ،
تۆ سەرداری هەموو شتیت!
خودایە!
تۆ،
لە خوێنبەرم نزیکتریت،
چما پێم وا بێت، لێم دووریت؟

❊❊❊





هەر بە هیوای قیبلەی خودا،
تۆ سەت قیبلەت چێ کردوون!
بە هومێدی بۆنی عیشقی بتی مەعشووق،
هەر بۆ خودا، تۆ سەت بتت، پەرستوون!

❊❊❊

ڕووحەکەی من!
بەرەو باڵا، باڵ لێک بدە،
ئاخر، مانگ لە بەرزاییە و
سێبەر، لە ماڵی نزماییە!

❊❊❊

مەیکوتە تۆ، دەرگای کەسێک،
وەک سواڵکەران!
تۆ کە هێژا و خاوەنشکۆیت،
ڕایوەشێنە،
ئەڵقەڕێزی دەرکەی ئاسمان!

❊❊❊

هونەرمەندە پەنهانەکە!
لە قووڵاییی ڕووحی خۆتدا،
هەزار شێوە و وێنەت هەیە.
کە خۆت مانگیت،
تۆ لێی گەڕێ،
با مانگ لەولاوە بوەستێ!

❊❊❊

ئێمە لە عیشق و ئەوینی ئەودا،
بێ لە خۆڵەکەی بەرپێی عیشقەکەی،
ئیتر شتێک نین!
ساتێ کە "نەفس"ی خۆمان ڕاماڵی،
هەموو بووین بە عیشق،
تەنیا عیشق و عیشق،
شتێکی تر نین!
وەک کلی چاوان، ساتێ دەیهاڕیت،
ئیدی دەبێتە سەرچاوەی بینین!

❊❊❊



دەروازەی عیشقی مەولانا

لە پەرۆشیی توانەوە،
لە عیشقی ئەم مەعشووقەدا،
جگەرم یەکپارچە خوێن و
نهۆ، من بێ جگەر دەژییێم!

❊❊❊

لە بەرەی جەنگ،
قەڵغانێکمان پێ شک نایێ و
لە سەماشدا، نە نەی دەناسین و
نە دەف!

❊❊❊

ئەو زەریایە،
ئێمە هەور.
ئەو نگین و
ئێمە وێران.
لە ڕووناکاییی زەریادا،
ئێمە وردین، وەک گەردیلان!

❊❊❊

ژێراوژووره،
وێرانه شار،
كه تۆ سایەی پاشایەتیت،
جێ هێشتووه!
***

كه خۆر ئاوا بێت،
دونیا: شەوەزەنگ.
كه ئاوەز ماڵی كەللەی بەجێ هێشت،
گەمژەیی: سەردەست،
جەستە: شێتوویێت!
***

ئەی ڕووحەكە!
"ئەبەد" بە بادەی تۆ مەست و
لەنێو دەستەكانی تۆشدا،
خۆڵ دەبێتە ڕووحی ئاڵتوون!
***





جەستەی بێئاوەز،
سەركۆنە مەكە!
ئەمە ئاژاوەی، دوای كۆچی تۆیە.
كە پشت هەڵدەكەی،
كە سەفەر دەكەی،
ون و وێرانین!
دەگەڕێیتەوە،
لە تەجەللای ڕووت،
ئێمە گشت مەست و
بێهۆش،
حەیرانین!
***

گەر شاعیرانێک،
دەمتەڕ، خەڵەفاو،
لە هیلالی مانگ،
وەک ناڵ بڕوانن،
مانگ شەوق و شكۆی
خۆی بزر ناكات!
دەمتەڕ: زۆربڵێ
***

تۆ چۆمێکی چۆڕلێبڕاو،
ئێمە باران!
تۆ شارێکی کاول، وێران،
ئێمەش ئەهلی بینا و ڕانان!
بێ لە کار و ڕەنجی ئێمە،
کە خالیقی بەختیارییە،
کەسێک خۆشبەختی نابینێ،
دەسا فەرموو، بۆ نێو کۆڕمان!
❊❊❊

گوڵان لە پاییزان هەڵدێن..
تۆ چ گوڵێکی بەجەرگیت،
بەرەو بای پاییز،
دەجمێیت!
❊❊❊





سەرووی باخان!
مۆمی مەستان!
هەتا کەنگێ فێڵ و دهۆ؟
ئیدی وەختە، وەفا و ویژدان!
❊❊❊

من کۆیلەی "سەوسەن"ێکم،
لەبەر نێرگسی باخی تۆ،
لە شەرمانا، لاڵ و بێدەنگ!
من دەفێکم،
کە بە دەستانت دەمژەنی،
تەمەننامە، توند و توندتر،
هەموو ڕوخسارم، بشکێنی!
تۆ بمژەنە؛
ئەتۆ دەستم لێ بەرمەدە،
هەتا سەما،
گوڕ و گەرمایی تێ گەڕێ،
هەتا "خەرقە" پاک بێتەوە،
لە پیسیی دونیای بێفەڕێ!
❊❊❊

لە مەیخانەوە،
سەدای بڵندم،
گەیشتە ئاسمان؛
ئەویش دووکەرت بوو،
لەبەر شاڵاوی تکا و نزامان!
بە خواست گەیشتم،
کە مەعشووق هات و
بوو بە قەڵغانمان!

❊❊❊

ئەگەر وشە و پەیڤەکانم،
شایستەی لێوانت نەبن،
خڕکەبەردێک هەڵبگرە تۆ،
دەم و ددانم بشکێنە!

❊❊❊





لە پێناوی شکۆییی لێوەکانتدا،
بیسووتێنە،
بیدڕێنە،
وێرانی کە،
سەتان زار و
عالەمێکیش!

❊❊❊

کڕ بە!
ئەگەر مەیخانەشم، دەمم بگرێت،
ئەم غەزەلەم، لەپاش مەرگم،
لە گڵکۆمەوە دەژنەویت!

❊❊❊

تۆ کە مانگ و ئەستێرانیت،
خاوەنشکۆی مەزهەبانیت،
وەک مانگ لە تاریکیی شەودا،
دڵئاوەڵا و بەخشندە بە!

❊❊❊

لە زێڕ و زیو هەڵکێشرابم،
لە خۆشبەختیی بەهەشتا بم،
من بە بێ تۆ، بێدایبابم،
ئازارشکێنی دەردم بە!
❊❊❊

غەزەلەکە تەواو مەکە و
پاشبەندەکەی،
جێ بێڵە بۆ ڕۆژی پەسڵان،
دەبا دڵم، ڕکەی سینگم،
جێ نەهێڵێ!
ڕکە: قەفەز
❊❊❊

دونیا شەوە و تۆش مانگەکەی.
تۆ هەر مۆم و ڕووحەکانیش،
مۆمدانەکەی!
❊❊❊





تا کەی لە شوێن زەردیی ڕووخسارم،
تۆ وێڵی؟
تاکەی بڵێم:
پەشێوحاڵ و پەرۆشی تۆم،
ئەی مەعبوودی گوڵانگوڵم!
❊❊❊

ئێوەی عاشق،
گەر ڕوخساری ئەو ببینن،
ئەقڵ و ئیدراکتان دەشێوێ،
ناخی ناختان، توێ توێ دەبێ!
ئاشق ساتێ لەدوی مەعشووقی دەگەڕێ،
خەراباتەکەی وێران و
ڕوخساری ئاوی ڕووبار و
لە ڕۆیشتندا،
تەوقی سەری،
لە شوێنی پێ!
❊❊❊

جەستەم شارێکی فراوان،
من لە گەڕەکی ئەمبەر و
خەمیش لەوبەر!
لەمبەر، ئەو دەمکاتە ئاو و
لەوبەریش ئاگر،
دەسووتێم!

❋❋❋

تۆ دەرفەتێکم نادەیتێ!
جام لە دوای جام،
بادە دێنی و من دەینۆشم.
ئەمێستا من، مەستی مەستم.
لە نەشئەی ئەم مەستبوونەدا،
لێم بزرن سەر و هەستم.
کە بێسەر بم،
چلۆن بە بادەت هەڵبلێم؟

❋❋❋





ئاگر نییە، بە ئاگرێک خامۆش ببێ..
دڵەکەم، تۆ، کە بۆ ئەوین،
تک تک، خوێنت لێ دەچۆڕێ،
بە خوێن، خوێنم مەشۆرەوە!

❋❋❋

هەر چۆن دەڕۆم،
سێبەرم لێم نابێتەوە..
چەند باریک و بنێسیش بم،
ببم بە تاڵەدەزوویەک،
سێبەرەکەم،
شوێنکەوتەی من!

❋❋❋

لە پەرۆشیی دیدارتدا،
بەرد شەق دەبێ!
لە شەیداییی ئەوینتدا؛
ڕووح باڵەکانی لێک دەدا!
ئاگر: ئاو و
ئەقڵ، نیمچەوێران دەبێ.
هەر بۆ تۆیە:
خەو لە چاوانم دەتۆرێ،
ئەقڵ، کاڵای سەبر دەدڕێ..
ئەم عیشقەی تۆ،
حەزیایەکە،
کە دەدێوێ،
خەڵک و دار و بەرد،
لووش دەدا!

❊❊❊

بۆ خۆراکی عیشقت وێڵی؟
جگەری برژاوی منە!
دڵی من کە وا وێرانە،
سەرچاوەی وەفا و ئەوینە.

❊❊❊





عیشق لە دەرکە وە ژوور کەوت،
دەستی لەسەر سەرم دانا،
کە بێتۆییی منی بینی،
گوتی: دەک ماڵی وێرانم!

❊❊❊

چ سەردەمێکی دژوار و
چ ئاڵۆز و چ شێواوە!
بە دەستی تۆ،
دڵکوژراوم.
من دەڕۆم و
هەر لە ژێرپێی تۆدا ماوم!

❊❊❊

لە سایەی نووری تۆ، مۆمم.
منەتباری ڕووحی تۆیە،
هەموو ئەقڵ و
هەموو عیشق و
هەموو ڕۆحم!

❊❊❊

هەر چی بکەیت، بەختەوەرم.
ڕووت بۆ هەر لا وەربگێڕی،
بە هیدایەتی ڕووحی تۆ،
منیش ڕووم بۆی وەردەگێڕم،
جا با ئێش و ئازاریشم،
سەرچاوەکەی دڕکی تۆ بێت!

***

لە پەسن و پیاهەڵدانتدا،
زەریای ڕووحم، خرۆشاوە،
کەچی لێوانم لێک دەنێم،
کە پەرۆشم بۆ پەیڤانت!

***

هەر بە ئەوین،
زمانی ڕووح،
مینا سەوسەن، باڵا دەکا.
لەم کارەدا،
نەکەی زمانت ببزوێنی،
تۆ شوێنی سەوسەن بکەوە!

***





وا خۆش خەرامان تۆ دەڕۆی، گیانی گیانان، بێ من مەڕۆ!
تۆی ژیان و ژینی دۆستان، بۆ بێستانان بێ من مەڕۆ!
فەلەک، بە بێ من مەسووڕێ!
ئەی مانگ، بە بێ من مەدرەوشێ!
زەوین، بە بێ من شین مەبە!
ئەی زەمانە بێ من مەڕۆ!
بە تۆوەیە، بەختەوەریی هەر دوو دونیا،
لەم دونیایە، بێ من مەژیێ، بۆ ئەو دونیا، بێ من مەڕۆ!
هەمووشتزان، تۆ بە بێ من هیچ نەزانی!
کە تۆی زمان، تۆ بە بێ من هیچ نەخوێنی!
سۆمای بینین، تۆ بە بێ من، هیچ نەوێنی!
ڕووحەکەی من، بە بێ من، بۆ هیچ کوێ مەڕۆ!
شەو، لە تریفەی مانگەوە، وا ڕووی خۆی سپی دەبینێ،
من شەوگارم، تۆی مانگەکەم، بە بێ من، بۆ ئاسمان مەڕۆ!
دڕک، لە سایەی ڕووی گوڵدا، پارێزراوە لە کڵپەی گڕ،
کە تۆ گوڵ بیت و من دڕک، بۆ گوڵستان، بێ من مەڕۆ!
لە مەیدانی گۆوازیدا هەڵدێم کە تۆ چاوت لێمە،
تۆ هەر ئاوا تەماشام کە، بێ من ماژۆ، بێ من مەڕۆ!
کە تۆ هاودەمی پاشا بیت، بەزمگێڕ بێ من مەنۆشە!
دەچییە سەربانی ماڵی شا، ئەی پاسەوان بێ من مەڕۆ!
وای بە حاڵی ئەو ڕێبوارەی بە بێ نیشانی تۆ دەڕوا،
کە تۆ ڕێنوێنی منیت، ئەی بێ نیشان، بێ من مەڕۆ!
ئای لەو کەسەی بێ زانستێ، ملی ئەم ڕێگایە دەگرێ،

تۆی زانستی ڕێگاکەی من، ڕێناسەکەم، بێ من مەڕۆ!
خەڵکان کە عیشقت پێ دەڵێن، لە کن من سوڵتانی عیشقیت.
تۆ لە خەیاڵی ئەم و ئەو باڵاتری، بێ من مەڕۆ!
(ئەم غەزەلە، بە هاوکاری و ڕێنوێنیی فەرهادشاکەلیی هێژا، وەرگێڕدراوە.)

***

دوێشەو من خەونێکم بینی،
عاشق چ خەونێک دەوێنێ؟
لە کابەدا،
لەشوێن میحرابێ دەگەڕام!
کابەی ڕووحەکان، وا نییە،
تاریکاییی شەو بیگەیتێ و
لەدوی مۆم و خەرمانەی مانگی بگەڕێی!
سەرچاوەی کابەی ڕووحەکان،
لە نووری گشت دونیاوەیە..
کانیی نووری هەموو دونیاش،
لە ڕۆشناییی ڕووحی تۆدا!

***





وای چ خۆشە،
بە دوو جەستە و
یەک ڕووحەوە،
لە هەیواندا،
دابنیشین،
هەر من و تۆ!
شەنگیی باخچە و سەدای بولبول،
لە ئاستانەی لالەزاردا،
ئاوی ژیان دەبەخشنەوە،
هەر من و تۆ!
لەخۆچوون و شەیدابوونمان،
هەر پێکەوە.
مەستی و وەجد،
هەر پێکەوە.
شادی و خۆشی،
دوور لە "خورافە" و هەنگامە،
هەر پێکەوە..
بەس من و تۆ!
تووتییەکانی ئاسمان،
دەنووکیان شیلەی لێ دەچکێ،
لەو شوێنەدا،
ئێمە بەزمی پێکەنینمان، ساز کردووە!
هەر من و تۆ.

چ عەجەب کونجەکەی ڕووحمان،
هەر یەکێکە و کەچی ماڵمان،
لە عێراق و خۆراسانە!
هەر من و تۆ.
لەسەر تۆپی ئەم زەوینە،
ژیان وایە و
لە بەهەشتی نەمرییدا،
لەسەرزەوینی مەستییدا،
شتێکی دی،
هەر من و تۆ!
❊❊❊

ڕۆژی تۆیە..
وەرە تەپڵی وەفا لێدە،
ئەرخەوانت پشکووتووە!
وەرە و بادەکەی گوڵڕەنگت،
لە کۆڕی مەستان، بگێڕە،
وادەی تۆیە.
با لە ترێی شەکرباری ڕەز و باخت،
شەرابێکی نوێ دروست کەین.
با لە باڵای نەونەمامت،
شەکرەسێوان، پەرش بکەین!
❊❊❊





دەستودیاریی مەیگێڕی عیشق،
بۆ گڵکۆکەت؛
مەی و مەعشووق،
مۆم و بخوورد،
گۆشتی برژاو و شیرینی!
❊❊❊

ڕوخسار: گڕ و
بادە: گڕ و
عیشق هەر گڕ!
ڕووح لە بڵێسەی ئاگردا،
دەرەی دەربازبوونی نییە!
❊❊❊

نیوەشەو، وە ئاگا هاتم،
گوتم: ماڵی دڵ کێی لێیە؟
گوتی: منم،
کە مانگ و خۆر،
لە ڕووخسارم،
شەرمێ دەکەن!